گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(3).Paper09

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 02/08/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 08/11/2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/06/2025

# چالاکیی بازرگانی لە شاری هەولێر 1991-2003

**هۆگر حسن پیرداود[1] - اسماعیل محمد حصاف[2]**

ismail.hassaf@su.edu.krd - hogir.pirdawood@su.edu.krd

[1+2]بەشی مێژو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

چالاکیی بازرگانی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دەرخستنی ڕادەی گەشەکردنی ئابوری هەر وڵاتێك و پێشکەوتنی کۆمەڵگایەك. لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991، بارودۆخی ئابوری و سیاسی پارێزگای هەولێر گۆڕانی گرینگی بەخۆیەوە بینی و قۆناغێکی تازە هاتەکایەوە، کاریگەری و شوێنەواری بەسەر ڕەوشی ئابوری و سیاسی ئێستای ناوچەکەش جێهێشتوە، نەبونی لێکۆڵینەویەکی تایبەت بە بازرگانی شارەکە و گرینگی پێنەدانی لەلایەن توێژەرانەوە، پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچونە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، چالاکیی بازرگانی لە شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی( 1991-2003)، دەرخستنی چۆنیەتی چالاکیی بازرگانی شاری هەولێر و خستنەڕوی گۆڕان و پەرەسەندنەکانی بواری بازرگانی، پیشاندانی هۆکارە کاریگەرەکانی سەر ئەم کەرتە ئابوریە و کاریگەری ئەم چالاکییە ئابورییە لەسەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی شارەکە. لە لێکۆڵینەوکەدا، میتۆدی مێژویی شیکاری پەیرەوکراوە بۆ خستنەڕوی زانیاری و داتاکان، لەگەڵیشیدا بنەمای بەراوردکردن بەکارهێنراوە بەمەبەستی نیشاندانی گۆڕان و گەشەسەندنەکانی چالاکیی بازرگانی شارەکە بە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە. لە ماوەی توێژینەوەکەدا بازاڕەکانی شارەکە فراوانبونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و بازاڕی دیکە دروستبوە، لەوانە بازاڕی چراغ و بازاڕی کۆنەفرۆشان. بازاڕەکان، ببونە شوێنی پەیداکردنی بژێوی مامۆستایان و فەرمانبەران و دەرچوانی زانکۆ، لە پاڵ کاسبکاران و فرۆشیاران. لەڕوی بازرگانی دەرکی، شارەکە پەیوەندییەکی بە هێزی هەبوە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بۆ دروستبوە، گرینگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە تایبەتە بە قۆناغێکی هەستیار و بایەخداری شارەکە (1991-2003) بەتایبەتی لە ڕوی ئابورییەوە، دەکرێ وەك بنەمایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابورییەکانی ئەمڕۆ سودی لێوەربگیرێ.

**کلیلە وشەکان:** شاری هەولێر، بازاڕ، پەیوەندی بازرگانی، نرخ، گەمارۆی ئابوری.

# Commercial activity in Erbil city 1991-2003

**Hogir Hassan Pirdawood[1] - Ismail Mohammad Hassaf[2]**

[1+2]Department of History, College of Arts, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Commercial activity is the most essential economic activity and plays a critical part in demonstrating economic growth in each state and society. There is no research about commercial activity in Erbil city in this period. This study looks on the commercial activity in Erbil between 1991 and 2003, and some factors which impact on it. The studies look at statistics and information gathered by the government to indicate the commercial change and expansion of the area. Following the 1991 revolt, Bazaars of the city became bigger and new bazaars opened such as Chrag and Second hand, Shekala Bazaar grew to become the city's most major commercial area. People flocked to bazaars for secondhand products since they were poor. Erbil city was involved in unlawful transactions (smuggling) with the Iraqi government and Iran. Erbil developed legal commercial links with Iraqi government territories in 1996, and the city also had strong external commercial relations with neighboring countries. This study examines important economic period of the city, which could help to solve economic issue nowadays.

**Keywords**: Erbil city, Bazar, Commercial relation, price, economic blockades.

## پێشەکی

چالاکیی بازرگانی بە یەکێك لە گرینگترین کەرتە ئابورییەکان دادەنرێت و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵگاوە، لە ڕێگەی دابینکردنی سەرچاوە و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە. پێشکەوتن و گەشەکردنی چالاکیی بازرگانی یارمەتی بوژانەوە و پەرەپێدانی کەرتەکانی دیکەی ئابوری دەدا و ناوەندێکە تێدا داوا و خستنەڕوی کالا و بەروبومی کەرتەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی تێدا دیاردەکرێت.

گرینگی لێکۆلینەوەکە، وێڕای پێویستییەکی مێژویی و نەبونی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەو ماوە مێژوییە (2003-1991)، گۆڕان و پەرەسەندنە سیاسیەکانە لەدوای ڕاپەڕین کە کاریگەری بەسەر تەواوی لایەنەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەوسا و ئێستاشەوە هەیە، ئەوەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچون هەیە. سنوری لێکۆڵینەوەکە شاری هەولێرە، توێژینەوەکە بە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی(1991) دەستپێدەکات و بە ڕوخانی حکومەتی عێراق لە (2003/4/9) کۆتایی دێت.
ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، خستنەڕوی گۆڕان و پەرەسەندنەکانی چالاکیی بازرگانی شاری هەولێرە لە نێوان ساڵانی (1991-2003)، دەرخستنی هۆکارە کاریگەرەکانی سەر ئەم کەرتە ئابورییە و کاریگەری ئەم چالاکییە ئابورییە لەسەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی شارەکە.

له توێژینەوەکە میتۆدی مێژوویی شیکاری پەیڕەوکراوە بۆ خستنەڕوی زانیاری و داتاکان، لەگەڵیشیدا بنەمای بەراوردکردن بەکارهێنراوە بەمەبەستی نیشاندانی گۆڕان و گەشەسەندنەکانی چالاکیی بازرگانی شارەکە. گەلێك سەرچاوە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە، لەوانە بەڵگەنامەکان، هەندێك لەو بەڵگەنامانە بۆ یەکەمجارە بەکاربهێنرێت، ئەمەش گرینگی توێژینەوەکە زیاتر دەکات، وەك بڕیاری قەدەغەکردنی بردنە دەرەوەی دۆلار و هاندانی بازرگانان بۆ فرۆشتنی کاڵا لە دەرەوە بە دراوی دۆلار، هەروەها چاپکراوە حکومیەکان لەوانە، (کوردستان لە ساڵی 2001دا)، (هەندێك لە چالاکیە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 1997دا) و (پرۆتۆکۆلەکانی پەرلەمان)، لەگەڵ بەکارهێنانی وتارەکانی ڕۆژنامەکانی برایەتی و کوردستانی نوێ، دیداری ئەوکەسانە لە بوارەکەدا کاریان کردوە، لەگەڵ چەندین سەرچاوەی دیکە. ئەم لێکۆڵینەوانەی تا ئێستا نوسراون بە شێوەیەکی گشتی تایبەت کراوان بە لایەنی بازرگانی هەرێمی کوردستان، هەروەها تەواوی قۆناغەکە لەخۆناگرن، بۆ نمونە، نامەی ماجستێری گولدران، بە ناونیشانی (واقع النشاط التجاري في اقليم الكردستان-العراق 1993-1998)، هیچ ئاماژەیەکی بە بازاڕەکانی شاری هەولێر نەکردوە، جگە لە هەندێ کاڵای هاوردە و هەناردە و ئاماری تایبەت بە پەیوەندی بازرگانی پارێزگای هەولێر لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی هەرێم و حکومەتی عیراقدا.

لێکۆڵینەوەو کارکردن لەسەر چالاکیی بازرگانی لەو ماوەیەدا، بێ کێشە و ئاستەنگ نیە، بە تایبەتی بە هۆی ڕوداوە سیاسیەکانەوە گرینگی بە ئامار و داتا نەدراوە کە بابەت و کەرەسەی سەرەکی توێژینەوەی مێژوی ئابوریە و پێویستن بۆ نیشاندانی ڕادەی پێشکەوتن و گۆڕانکاریە ئابوریەکان، بەتایبەتی نەبونی داتای تایبەت بە پەیوەندی بازرگانی و هەناردە و هاوردەی شارەکە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەرەوە.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ باسی سەرەکی پێکهاتوە. لە باسی یەکەمدا، بنەماکانی چالاکیی بازرگانی شاری هەولێر خراوەتەڕو، هەر لە هۆکارەکانی هەڵکەوتەی جوگرافی و گواستنەوەو گەیاندن و سیاسەتی حکومەت و کاریگەری ڕەوشی سیاسی و توانای کڕینی خەڵك. هەرچی باسی دوەمە، تایبەتە بە کاریگەری ڕەوشی سیاسی بەسەر چالاکیی بازرگانی، لە باسی سێیەمیش، ڕەوشی بازرگانی لە نێو شاری هەولێر و بازاڕەکانی شارەکە تیشکی خراوەتە سەر. لە باسی چوارەمیشدا، پەیوەندیە بازرگانیەکانی شاری هەولێر لەخۆدەگرێت کە ئەوانیش پەیوەندی بازرگانی شارەکەیە لەگەڵ قەزا و ناحیە و گوندەکانی پارێزگای هەولێر و پارێزگاکانی دهۆك و سلیمانی، و پەیوەندی بازرگانی ئاسایی و قاچاغی شارەکەیە لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و پەیوەندی بازرگانی دەرەکی شاری هەولێرە.

**دەروازە**

چالاکیی بازرگانی بە یەکێك لە کەرتە سەرەکیەکانی ئابوری هەر وڵاتێك دادەنرێت، پەیوەستە بە ژیانی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا و ناوەندێکە تێدا داوا و خستنەڕوی تێدا دیاردەکرێت، ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە بەرەوپێشچونی باری ئابوری بەگشتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا. شاری هەولێر هەر لە کۆنەوە پێگەیەکی گرینگی بازرگانی هەبوە بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و ناوەندێکی گرینگی بازرگانی ناوچەکە بوە، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991، ئەو بایەخە بازرگانیەی زیاتر بو، بە کاریگەری ڕوداوە سیاسیەکانی ناوچەکە، لەم ڕوانگەیەوە لە چەند باسێکدا هۆکارە کاریگەرەکانی سەر چالاکیی بازرگانی، ڕەوشی بازرگانی لە نێو شاری هەولێر و پەیوەندیەکانی بازرگانی نێوخۆیی و دەرەکی شاری هەولێر لە ماوەی (1991-2003) خراوەتەڕو.

**باسی یەكەم: هۆكارە كاریگەرەكانی سەر چالاكیی بازرگانی شاری هەولێر**

گەلێك هۆكار و بنەما كاردەكەنە سەرجموجۆڵی بازاڕ و ڕەوشی بازرگانی هەر وڵات و ناوچەیەك، ڕەوشی بازرگانی شاری هەولێریش كەوتۆتە ژێر كاریگەری گەلێك هۆكار، لە دوای یەك باسیان دەكەین.

**1- شوێنگەی جوگرافی**

هەڵكەوتەی جوگرافی ڕۆڵێكی سەرەكی هەبوە لە گەشەپێدانی چالاكیی بازرگانی ناوچەكە. شاری هەولێر كەوتۆتە ناوەڕاستی هەرێمی كوردستان و گۆشەی باكوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، لە ڕۆژهەڵاتەوە ئێران و پارێزگای سلێمانی، لە باكورەوە توركیا و، لە باشوریشی پارێزگای كەركوك، لە ڕۆژئاواشی پارێزگای موسل سنوریەتی (ئەبوبكر و ئەوانیتر، 2004، 10)، ئەمەش وایكردبوە ببێتە ئەڵقی بەیەكەوە بەستانی عێراق – ئێران، عێراق-توركیا لەلایەك و بەیەكەوە گرێدانی پارێزگاكانی سلێمانی لەگەڵ دهۆك و، دهۆك لەگەڵ كركوك. ئەو بایەخە بازرگانییەی زیاتر بو دوای شەڕی دوەمی كەنداو، و دانانی گەمارۆی ئابوری لە سەر عێراق، بە شێوەیەكی ناڕاستەخۆ بوە دەروازەیەكی گرینگی بازرگانی عێراق لەگەڵ ئێران و توركیا، حكومەتی هەرێم سودی لەو پێگە گرینگە بینی پەیوەندی بازرگانی بەهێزكرد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ (عزیز، 1999، 119).

هەروەها شوێنگەی شارەكە لە هەرێمی كوردستان، لایەنێكی دیكەی بایەخی جوگرافی پارێزگاكەیە، دوای دروستبونی حكومەتی هەرێم، وایكرد بكرێتە پایتەختی هەرێمی كوردستان، بونی زۆر لە دامەزراوە حكومییەكان و دەسەڵاتی كارگێڕی لە شارەكە (سماقەیی، 2006، 211). بێگومان پایتەختیش هەردەم جموجۆڵی بازرگانی زیاترە لەچاو پارێزگاكانی تر، بە هۆی ڕوتێكردنی خەڵك و كەسانی بازرگان، لایەنێكی دیكەی بایەخی جوگرافی، شوێنی شارەكەیە، بەوەی كەوتبوە نێوان ناوچەی دەشتایی و شاخاوییەكانی پارێزگاكە، ناوەندێكی بازرگانی بوە لە نێوان هەردو ناوچەكە (الجنابی، 1987، 92) بەیەكەوەی دەگەیاندن. بەتایبەتی بە هۆی جیاوازی بەروبومیان وایكردبو هەر ناوچەیەك پێویستی بە كاڵا و بەروبومی ناوچەكەی دیكە بێت، هەروەك لە كاریگەری خاك و ئاووهەوا بەسەر بەربومی كشتوكاڵی باس كرا لە بەشی یەكەم.

**2-گواستنەوە و گەیاندن**

جموجۆڵی بازرگانی بەشێوەیەكی سەرەكی پشت بە هۆكارەكانی گواستنەوە دەبەستێت. بەهۆی ئەو پەیوەندییە بە هێزەی لە نێوان گواستنەوە و بازرگانیدا هەیە، چالاكیی بازرگانی تارادەیەكی زۆر پشت بە ئاسانكاری هۆیەكانی گواستنەوە دەبەستێ، بە فەراهەمبونی هۆكارەكانی گواستنەوە و گەیاندن، قەبارەی بازرگانی گەشە دەكات، ئەمەش گرێدراوە بە بونی ڕێگاكانی گواستنەوە (سەعید، 2014، 250). بەیەكەوە بەستانەوەی شاری هەولێر لەگەڵ پارێزگاكانی تری هەرێمی كوردستان و ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی حكومەتی ناوەندی و وڵاتانی دیكە بە هۆی هاتوچۆوە، كاریگەری زۆری هەبوە بەسەر جموجۆڵی بازرگانی (ئەبوبەكر و ئەوانیتر، 2004، 10)، لەوانە ڕێگای (هەولێر-موسل)، ڕێگای (هەولێر-كركوك) و ڕێگای (هەولێر-سلیمانی) (غەفور، 2012، 390). هەروەها بە ژمارەیەك ڕێگای وشكانی تا دورترین خاڵی سنور و دەوڵەتانی دراوسێ بەسترابۆیەوە، لەوانە ڕێگای (هەولێر- سلیمانی- ئیران) (حسن، 1992، 122) و ڕێگای (هەولێر-حاجی ئۆمەران-خانێ) (غەفور، 2012، 386)، لەگەڵ توركیا ڕێگای (هەولێر-دیانا-دهۆك-توركیا)(مەڕوماڵات، ژ941، لە 1993/2/16 ).

ڕێگەی قیرتاو لە شاری هەولێر بایەخێكی گەورەی هەبوە بۆ پەرەپێدانی هاتوچۆ و بازرگانی. لەم ڕووەوە حكومەتی هەرێم گەلێ پرۆژەی دروستكردن و نۆژەنكردنەوەی ڕێگاوبانی بە ئەنجام گەیاند، لەوانە دروستكردنی سایدی دوەمی (هەولێر-سەلاحەدین) گرینگی زۆری هەبوە بۆ شارەكە چونكە قەرباڵغییەكی زۆری هاتوچۆی بازرگانی بەسەرەوەبوە (نوری، 1998، 2)، هەروەها لە پارێزگای هەولێر زیاتر لە (6000) شەش هەزار كیلۆمەتر ڕێگای لە چاكردنەوە و قیرتاوكردن و دروستكردن

بە ئەنجام گەیاند (قادر و ئەوانی دیکە، بەبێ ساڵی چاپ، 12)، لە کۆتایی ساڵی (2002)، ڕێگاوبانی قیرتاوکراو لە پارێزگاکە دەگەیشتە (2737)کم و ڕێگای خۆڵیش (1349)کم بوە (غەفور، 2012، 389).

لە پاڵ ڕێگاکانی گواستنەوە، هۆکارەکانی گواستنەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر جموجۆڵی بازرگانییەوە هەیە. لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا ژمارەیەکی بەرچاوی هۆیەکانی گواستنەوەی وەك ئۆتۆمبێل هەبوە، بەپێی ئاماری ڕەسمی لە (1991/1/1)، ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانی پارێزگای هەولێر (51561) ئۆتۆمبێل بوە، دەیکردە (5%) سەرجەمی ئۆتۆمبیلەکانی عێراق، چوارەمین پارێزگابو لە ڕوی ژمارەی ئۆتۆمبێل، سێیەمین پارێزگابوە لەڕوی ژمارەی ئۆتۆمبێلی بارهەلگر لە دوای پارێزگای بەغدا و پارێزگای نەینەوا، ژمارەیان(16918) ئۆتۆمبێل بوە، هەرچی ئۆتۆمۆبێلی سەرنشینە ژمارەیان (34643) بوە (المجموعه الاحصائية السنوية، 1992، 245)، ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانی بەرەبەرە بەرزبۆتەوە لە ئابی ساڵی(2000)، گەیشتۆتە (115723) ئۆتۆمبیل. لەوانە (26900) ئۆتۆمبێلی تایبەت و (22270) ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر، (16700) ئۆتۆمبێلی کرێ بوە، جگە لە ئۆتۆمبێلی میری و ڕێکخراوەکان و ئۆتۆمبێلی بێ کارتی زانیاری و بە پسوڵەی زانیاری (حەداد، 2001، 90)

یەك لەو کێشانەی ڕوبەروی هۆکارەکانی گواستنەوە بۆتەوە، نەهاتنی بەنزین و گازوایل بە هۆی گەمارۆی حکومەتی ناوەندییەوە، کرێ گواستنەوەی کەلوپەلی زۆر بەرزکردەوە، بوە هۆی گرانبونی لە بازاڕەکان (حفید، 1994)

**3-سیاسەتی بازرگانی**

دوای ڕاپەڕین و هاتنە سەردەسەڵاتی بەرەی کوردستانی (1)، سیاسەتێکی ڕونی بازرگانی نەبوە، بەرەی کوردستانی لە ئاستی بڕیاردان ناجێگیر بو، لەچەند ئەندامێك پێکهاتبو هەریەکەیان مافی ڤیتۆی هەبو (هێرش عەبدوڵلا و ئەحمەد، 2023، 579-580)،. دوای دروستبونی حکومەتی هەرێم، لە چوارچێوەی گرینگیدان بە بازرگانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی پێکهێنرا، کە سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابوری بو بەرپرسیاری کاروباری پەیوەست بە بازرگانی دەرەوە بو، هەروەها ژوری بازرگانی هەولێر ناسنامەی ئەندامیەتی ژورەکەی دەبەخشی بە بازرگانان(عزیز،1999، 96)، هەرکەسێك مۆڵەتی نەبوا و ئەندامی ژوری بازرگانی نەبوا بۆی نەبو کاری بازرگانی بکات (هەڤاڵ، ژ251، 1992/11/25)، سەرەڕای ئەوەش، هەندێك لە بازرگانان مۆڵەتیان نەبوە و بەبێ گومرگ کاڵایان دەهێنا (کوردستانی نوێ، ژ1245، 1996/3/25). بنەمایەکی کاریگەر لە پەرەپێدانی چالاکیی بازرگانی لە شارەکە، پەیڕەوکردنی لە ئابوری ئازاد بوە لەلایەن حکومەت، بوە هۆی پەرەسەندنی چالاکیی بازرگانی (سماقەیی، 2006، 211). لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت چاودێری ڕەوشی بازرگانی دەکرد و بڕیارو ڕێنمایی تایبەتی لەم ڕووەوە دەردەکرد، بەڵام بەپێی پێویست جێبەجێنەدەکرا بە هۆی ئەو ڕەوشە سیاسەی ناوچەکەی گرتبۆیەوە، بۆ نمونە لە کۆبونەوەیەکی نائاسایی لە (1993/3/5)، حکومەت هەندێ بڕیاریدا، لەوانە: 1- بردنە دەرەوەی هەندێ کاڵای وەك گەنم، جۆ، ئۆتۆمبێل، مکائن...هتد قەدەغەکرد، بەمەرجێك لەسەرەتاوە لە هەرێم بوبێت. 2-ناردنی بازرگانان بۆ کڕینی خواردەمەنی بە پەلە و تەرخانکردنی پارە لەلایەن حکومەت، بە تایبەتی بۆ شاری هەولێر (کۆبونەوەی نائاسایی ...، ژ34، لە 1993/3/5). دەرچونی ئەم بڕیارانە دەریدەخات کاڵای پێویستی خۆراك لە بازاڕەکاندا نەبوە، سەرەڕای ئەوەش لە پێناوی گومرك ئامێر و شۆفەل دەبرایە دەرەوە، ڕۆنی خۆراك لە ڕێگەی حاجی ئۆمەران بۆ ئێران دەرۆیشت لە کاتێکدا خۆراك قەدەغەکرابو بچێتە دەرەوە (دلبەند، ژ522، 1993/10/29)، بێگومان ئەمەش دەرخەری ئەوەیە حکومەت پلانێکی تۆکمەی نەبوە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان خستنەڕوی و داواکاری کاڵا لە بازاڕدا، لە پێناوی باجی گومرگی، ئەوەش بەرزبونەی نرخی بەدواوە بوە لە بازاڕەکانی ناوخۆ.

کێشەی دراو یەکێك لە هەرە گرفتە سەرەکیەکانی بەردەم چالاکیی بازرگانی بوە، لە توانای حکومەتیش دانەبوە چارەسەری بکات. کێشەی پارە وەرگرتن ببوە کێشەیەکی ئالۆز، پارەی تەزویر بە ئاسانی وەرنەدەگیرا، دیناری کاغەز و ئاسنیش هەر بە کێشە وەردەگیرا (کوردستانی نوی، ژ83، 1992/5/4). لایەنێکی دیکەی کێشەی دراو مامەڵەکردن بو بە دراوی دۆلار لەگەڵ دەرەوە بۆ کڕینی کاڵا لەلایەن بازرگانەکان، دەستخستنی دۆلاریش ئاسان نەبوە بە هۆی گەمارۆی ئابورییەوە، لەم ڕوەوە لە مانگی ئازاری ساڵی (1993) حکومەت بڕیاریدا، 1- بە قەدەغەکردنی بردنی دراوی دۆلار و دراوی بیانی بۆ دەرەوەی هەرێم. 2- هەوڵدان بۆ فرۆشتنی ئەو شتومەکانەی دەچێتە دەرەوە بە دۆلار لە ناوچەکانی ڕژێم، تورکیا و ئێران (کۆبونەوەی نائاسایی ...، ژ34، لە 1993/3/5)، جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەش ئاسان نەبوە بە هۆی دۆخی ناسەقامگیری سیاسی شارەکە. بۆنمونە لە ئەنجامی هێنانی پارەیەکی زۆری چاپ بۆ نێو شاری هەولێر لە ڕێگەی موسڵەوە بۆ کڕینی دۆلار لە (1996/5/21) نرخی دۆلار بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەرزبۆیەوە سەر لە بەیانی ئەم ڕۆژە (100) دۆلار بە (1600) دینار بو، کەچی بۆ ئێوارەکەی گەیشتە (2030) دینار (کوردستانی نویێ، ژ 1290، 1996/5/22)، بەمەش زیانێکی زۆر بەهاووڵاتیانی شارەکە گەیشتوە بە هۆی بەرزبونەوەی نرخی شتومەك لە ئەنجامی بەرزبونەوەی نرخی دۆلار.

هەروەها مامەڵەکردن بە دراوی دۆلار ئاستەنگێك بو لەبەردەم بازرگانان، بۆ نمونە کەلوپەلی کارەبایی بە دۆلار دەهێنرایە شاری هەولێر، لەسەر بنەمای دۆلاریش نرخی دیاریدەکرا، بۆیە ئەو بازرگانانە بە دینار مامەڵەیان نەدەکرد، کریارەکان دەبوایە پارەکە بکەن بە دۆلار (یەکگرتو، ژ409، 2002/10/11). حکومەتیش دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی نرخی نەبو، چونکە کاڵا لە دەرەوە دەهێنرا (زانیاری، ژ3928، لە 1993/6/27).

لایەنێکی دیکەی سیاسەتی حکومەت، خۆی لە باج دەبینێتەوە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەرزبونەوەی نرخی کاڵاو چالاکیی بازرگانی هەبوە، بە هەردو جۆرەکەیەوە باجی داهات و باجی گومرگی. وەك لە سەرچاوەکاندا هاتوە، وەرگرتنی باج بە یەکسانی نەبوە خزم خزمێنە و واسیتەکاری و بەرژەوەندی حزبی دەوری دەبینی(برایەتی ژ2406، 1997/8/31)، بەگوێرەی بابەتێکی ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، دوکانێکی کۆپیکردن لە بەرامبەر پەروەردەی هەولێر، بڕی باجی ساڵی (1993) بە (12) هەزار دینار خەملێنراوە لە کاتێکدا، دوکانیکی تری کۆپیکردن کە شوینەکەی دەکەوتە ناوبازاڕ بەرامبەر فەرمانگەی کارەبای هەولێری ئەوکات، کە بازاڕی زیاتر بوە، بڕی باجی بە (5،500) پێنج هەزارو پێنج سەد دینار خەملێنرابو (ڕێگای کوردستان، ژ 48، 1993/3/3) ئەمەش جیاوازیەکی زۆرە.

وەرگرتنی باجی گومرگیش بە ڕێژەیەکی زۆر هۆکارێکی بەرزبونەوەی نرخی کاڵاکان بوە، ببوە هۆی بەرزبونەوەی نرخی کاڵا لە بازاڕەکانی شارەکە (ئارام، ژ1787، 1993/11/4)، هەروەها گومرگ لە نێوان شارەکانیش وەردەگیرا (دلبەند، ژ299، 1993/1/25).

چاودێری بازرگانی، لەلایەنێکی دیکەی سیاسەتی حکومەت پێکدێنێ، بە هۆی ئەوەی سیاسەتی بازرگانی ئازاد لە شاری هەولێر پەیرەو کراوە، چاودێری بازرگانی ڕۆڵی کەمبوە. تەنیا چاودێری و بەدواداچونی کاڵا لە بازاڕەکان و، پێشنیاری ڕێگریکردن لە هاتنە ناوەوە کاڵا دەکرد لە پێناوی پاراستنی بەرهەمی ناوچەیی و پاراستنی بەکاربەر، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی پێشێلکاری یاسایی و پێژاردن (عزیز،1999، 99).

**4 -ئاستی گوزەرانی خەڵك و توانای شت کڕینیان**

ئاستی بژێوی خەڵك و توانای کڕین پەیوەندییەکی ڕاستەخۆیان هەیە لەگەڵ جموجۆڵی بازرگانی، چونکە هەرچەندە گوزەرانی خەڵك باشتربێ توانا و قەبارەی کڕین زیاتر دەبیت، بەوەش چالاکیی بازرگانی زیاددەکات. باروگوزەرانی ژیانی هاووڵاتیان دوای ڕاپەڕین بەرەو خراپی ڕۆیشت، چونکە بەشی زۆریان کشتوکاڵ و ئاژەڵداری سەرچاوەی بژێویان بو، لە دوای تێکچونی گوندەکان بێ کار مانەوە. موچە سەرچاوەی بەشێکی دیکەی داهاتی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر بوە، لە ساڵی (1995) کۆی فەرمانبەرانی دیوانی وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی ناو شاری هەولێر (19453) کەس بونە (ئاماری سەرجەم فەرمانبەرانی دیوانی وەزارەتەکان، 1995). موچەیەکی مام ناوەندی لە نێوان (200-300) دیناربوە لە مانگێکدا (بەرهەم، ژ 2386، 1997/8/4) ئەو بڕە موچەیەش بە بەراورد بە نرخی شتومەك زۆر کەم بوە، سەرەڕای پێنەدانی موچە لە هەندێك کاتدا، بۆنمونە ساڵی (1992) مامۆستایان لە ماوەی پێنج مانگدا، تەنیا یەك موچەیان پێدرا (ئاڵای ئازادی، ژ29، 1992/7/5). تێکرای ناوەندی داهاتی ڕۆژانەی چینەکانی -کاسبکاران، تەرەفرۆش و سەوزەفرۆش و دوکاندارو عارەبانەی دەستی و پیشە بچوکەکان لە نێوان (30-50) دیناری عێراقی بوە (ئارام، 2002، 23)، بەمەش چینی کاسبکاران داهاتیان لە فەرمانبەران زیاتر بوە. یەکێکی تر لەسەرچاوەی داهاتی خەڵکی شارەکە ئەو پارەو کاڵایانە بوە ئەو کەسانەی لە هاندەران بون بۆ کەس و کاریان دیان ناردەوە (سەلمان، 2002، 143) بەڵام ئامارێکی تایبەت لە بەردەستدا نییە.

بڵاوبونەوەی بێکاری و کەمی کار، دیاردەیەکی دیکەبوە، کرێکار هەبوە بە (10) ڕۆژ یەك ڕۆژە ئیشی دەستکەوتوە یان لە هەفتەیەك ڕۆژێك ئیشی دەستنەکەوتوە بە هۆی زۆری کرێکارانەوە (بەهادین، ژ2387، 1997/8/5) ئەمەش وایکردوە داهات کەمبێتەوە و بێ بازاڕی لێبکەوێتەوە.

نەبونی و خراپی گوزەران، وایکردبو پێداویستی خۆراك لە پێشینەکانی هاووڵاتیان بێت بۆ دابینکردنی (برایەتی، ژ427، 1993/7/4) خەڵك بە دەگمەن توانای کڕینی جلی تازەیان هەبو، بۆیە ڕویان دەکردە بازاڕی لەنگە و کۆنەفرۆشان (برایەتی، ژ(1615)، 1993/4/9)، بە گوێرەی قسەکانی خاوەن کۆگایەکی جلوبەرگ لە بازاڕی سیروانی شاری هەولێر، کەمتر لە (3%)ی خەڵك سەردانی دوکانەکانی جلوبەرگی تازەیان دەکرد، بە هۆی بەرزی نرخەوە، بۆنمونە کراسێکی گەنجانەی نوێ نرخەکەی (300) دینار، پانتۆڵێك نرخەکەی (250) دینار، قاتێکی منالان (180)دینار و کراسێکی بیانی ئافرەتان (1000)دینار بوە (کوردستانی نوێ، ژ400، 1993/5/28). بە هۆی نەبونییەوە هاووڵاتی واهەبو بەشەش مانگ گۆشتی نەدیوە لە ماڵ (بەرزنجی، ژ982، 1995/5/10). پێش بڕیاری (986) بەشێکی زۆری داهاتی تاکەکان بۆ کڕینی کاڵا سەرەکییەکانی خۆراك خەرج دەکرا، بەڵام دواتر بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی وەك جلوبەرگ و ئەو کاڵایانەی بۆ خۆشی مرۆڤ بەکاردێت تەرخانکرا (سەلمان، 2002، 142).

جگە لەو هۆکارانەی باسکران هۆکاری دیکەی وەك، پڕوپاگەندە و شاردنەوەی شتومەك و قۆرغکردنی کەلوپەل لەلایەن بازرگانەکان کاری لەسەر ڕەوشی بازاڕ و بازرگانی دەکرد (شێرزاد،ژ2021، 1994/8/18)، بە گوێرەی قسەی بازرگانێك، بەس بگوترابا ڕێگای تورکیا گیراوە فەردەی شەکر نرخی (10) دینار بەرزدەبۆیەوە، ئەمەش کاریگەری پڕوپاگەندە دەردەخات لە جوڵەی بازاڕ (حاجی صالح، 2023، دیدار).

**باسی دووەم:** کاریگەری بارودۆخی سیاسی بەسەر چالاکیی بازرگانی

أ-ڕەوشی نێوخۆیی

ڕوداو و پەرەسەندنە سیاسیەکانی ناوچەکە، هەر لە سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی(1991) و هەڵوێستی ڕژێمی عێراق و گۆرانکارییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەر لە شەرەکانی ناوخۆ و دروستبونی دو ئیدارەیی، کاریگەری گەورەی دروستکردبو بەسەر چالاکیی بازرگانی شارەکە.
ڕەوشی سیاسی شارەکە دوای ڕاپەڕین بوە هۆی زۆر بونی تەقەکردن بە شەوان و تێکدانی ئاسایش (کوردستانی نوێ، ژ69، 1992/4/17)، لە بابەتێکی ڕۆژنامەی برایەتی لە (1994/7/5)دا هاتوە، لە شاری هەولێر ڕێژەیی دزی و جەردەیی و پیاوکوشتن و شێوەکانی فرت و فێڵ زۆر هەبوە (برایەتی، ژ 1985، 1994/7/5) ئەوە وایکردبو بازرگانەکان ئێواران زو بگەڕێنەوە نەوەکو ڕێگریان لێبکرێ بۆ پارە(طە، 2023، دیدار).

جموجۆڵی بازرگانی لە کاریگەرییەکانی شەرەکانی نێوخۆ بەدەرنەبو، شەڕ و ناکۆکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بوە هۆی کەمبونەوەی متمانە و وای کردبو بەشێك لەفرۆشیاران و بازرگانان ئێواران کاڵاکانیان ببەنەوە ماڵەوە و سبەینان بیهێننەوە لەبەر دزی و ژمارەیەك فرۆشیارو بازرگان بونە قوربانی لە ئەنجامی شەڕەکاندا (سعید، 2022، دیدار). دابەشبونی پارێزگای هەولێر لە نێوان هەردو هێزەکە بوە هۆی بەرزبونەوەی نرخی خواردەمەنی لە نێو شاری هەولێر، چونکە لە ناوچەکانی زاخۆوە دەهێنرا و لە ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بو، ماوەیەك ڕێگای نەدەدا ئۆتۆمبێلەکانی گواستنەوە خواردەمەنی بگەنە شارەکە، بەمەش نرخی خواردەمەنی بەرزبۆیەوە، بۆنمونە نرخی ڕۆن جۆری کان/کیلۆ، لە (50) دینارەوە بۆ(62) دینار و شەکر لە (20) دینارەوە بۆ (29)دینار بەرزبۆیەوە نرخەکەی (کوردستانی نوێ، ژ881، 1995/1/6) بەڵام ڕێکەوتنامەی ئاشتی ساڵی(1998) نێوان هەر دو پارتەکە (میهۆ، 2009، 783) بێگومان کاریگەری باشی بەسەر چالاکیی بازرگانی و باشبونی بازاڕەوە هەبوە.

سیاسەتی حکومەتی عێراق لایەنێکی دیکەی ڕەوشی سیاسی ناوخۆ پێکدەهێنێت، کاریگەری خراپی کردە سەر ڕەوشی ئابوری شارەکە (حسۆ، 2008، 68). حکومەتی عێراق سیاسەتی برسێتی و پەشێوی نانەوەی پیادەکرد. لە ڕوی کارگێڕی و سیاسیەوە لە ناوچەکە کشایەوە، گەمارۆی ئابوری لە تشرینی یەکەمی (1991) خستە سەر هەرێمەکە، گەمارۆی ئابوری کاریگەری زۆرخراپی هەبوە، چونکە شاری هەولێر لەڕوی ئابورییەوە لە ڕادەبەدەر گرێدراوبو بە حکومەتی ناوەندییەوە (حسۆ، 2008، 70)، نمونەیەکی دیار لە پاڵەپەستۆی ڕژێمی بەغدا بۆ سەر ناوچەکە، قەیرانی دراو بو لە ئایاری (1993) ڕویدا، لە پێناوی بەهێزکردنی نرخی دیناری مزەوەر و فۆتۆکۆپی کراو، (25) دیناری ئەسلی عێراقی لە بازاڕ کێشایەوە، ئەمەش بوە هۆی بەرزبونەوەی ڕاستەخۆی نرخی خواردەمەنی بە ڕێژەی (25%)، نرخی بەنزین بە ڕێژەی (30%) و نرخی گازوایل بە ڕێژەی (57%) (حسۆ، 2008، 94)، دەنگۆ و ترسی کێشانەوەی دراوی 5دیناری و 10دیناریش (صالح، 2022، 152)، ئەوەندەی تر بێ متمانەیی دروستکردبو لە بازاڕەکاندا.
هەوڵدان بۆ شێواندنی ئاسایش و پەکخستنی هەرێم و شاری هەولێر، لایەنێکی دیکەی سیاسەتی حکومەتی ناوەند بو (پرۆتۆکۆڵ، ژ1998،18، 89)، لە ڕێگەی تۆپبارانکردن ناوچەکانی شاری هەولێر، بۆ نمونە لە (1992/3/28) ناوچەی خەبات و ئاسکی کەلەکی تۆپباران کرد (ئاڵای ئازادی، ژ18، 1992/4/5)، هەروەها تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل وکاری تیرۆرستی (کوردستانی نوێ، ژ1668، 1993/6/13) لەوانە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێك لە تەنیشت قەڵاتی هەولێر لەبەردەم کافتریای میشوار، دەیان بریندار و شەهیدی لێکەوتەوە (کوردستانی نوێ، ژ576، 1993/12/31)، دەکرێ بڵێین ترس و دڵەڕاوکێ زۆری لە بازاڕەکانی شارەکە دروستکردبو، لە دوای ڕوداوەکانی 31ئاب 1996، و دروستبونی دو ئیدارەیی، پەیوەندی بازرگانی شاری هەولێر و پارێزگای دهۆك بەرفراوانتر بو، زیاتر لەوەش پەیوەندی بازرگانی شارەکە

لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی دروستبویەوە بە هۆی پەیوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق(جەلیل، 2022، 169).

**ب-هۆکاری سیاسی دەرەکی**

ڕەوشی بازرگانی شاری هەولێر لە کاریگەری سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەوڵوێستی وڵاتان و ڕوداوە جیهانییەکان بەدەرنەبوە. بە چەسپاندنی گەمارۆی ئابوری بەسەر عێراق لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان، هاوردەکردن و هەناردەکردنی عێراق لەگەڵ وڵاتان قەدەغەکرا، نەناردنە دەرەوەی نەوت و نەمانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بەهای دیناری عێراق دابەزاند (دیبەگەیی، ژ155، 1992/8/3)، بەرامبەر بەوەش دراوی وڵاتان بەهای بەرزدەبۆیەوە، ئەمەش دەبوە هۆی بەرزبونەوەی نرخی هەمو ئەو کاڵاو پێداویستیانەی لە دەرەوە دەهێنرا.

لە گرینگترین ئەو هۆکارە کاریگەرانەی گۆڕانێکی زۆری دروستکرد، بڕیاری (986) بو. لە دوای ڕەزامەندبونی حکومەتی عێراق لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکە بۆ فرۆشتنی نەوت، بوە هۆی هەرزانبونی شتومەك لە شاری هەولێر، لە کاتێکدا هێشتا خواردەمەنی نەگەیشتبوە شارەکە. بۆنمونە نرخی دۆلار پێش ڕەزامەندی حکومەتی عێراق لەسەر بڕیارەکە، بە (4700) دینار بو، بەڵام دواتر دابەزی بۆ (3100) دینار، و نرخی خۆراك دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی هەروەك لەم خشتەیە دەردەکەوێ:

نرخی خواردەمەنی پێش ڕەزامەندی و دوای ڕەزامەندی حکومەتی بەغدا دینار/کیلۆ(برایەتی، ژ 2155، 1996/1/30)

| خۆراك | پێش ڕەزامەندی عێراق | دوای ڕەزامەندی عێراق |
|---|---|---|
| برنج | 28 | 20 |
| ڕۆنی کان | 55 | 43 |
| ئاوی تەماتە | 55 | 45 |
| ئاردی ئولا فەردەیەك | 600 | 450 |

هەروەها بڕیاری (986) بوە وەرچەرخانێك لەسەرمایە گوزاری بازرگانی لە بواری خواردەمەنییەوە بۆ بوارەکانی دیکەی ئابوری (کریم، ژ1216، 1996/2/14)، بەهۆیەوە بازرگانی هاوردەکردنی کاڵای خۆراکی زۆر کەمکردەوە (عزیز، 1999، 122).

وڵاتانی دراوسێ لایەنێکی دیکەی ڕەوشی سیاسی دەرەکی پێکدەهێنێ، زۆرجار وڵاتانی دراوسێ بە بیانوی جۆراوجۆر سنورەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دادەخست ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوە لەسەر بەرزبونەوەی نرخی شتومەك لە شاری هەولێر. بۆنمونە بە هۆی شەڕەکانی نێوان حکومەتی تورکیا و ئۆپۆزیسۆنی تورکی، تورکیا ڕێگەی داخست (داناز، ژ107، 1992/6/2)، پاش کردنەوەی ڕێگا نرخی کاڵا دادەبەزی، بۆنمونە نرخی هەر کیلۆیەك لە بابەتەکانی شەکر لە (12) دینارەوە بۆ (9،500) دینار، ڕۆن لە (25) دینارەوە بۆ (14) دینار، ئارد لە (5،500) دینارەوە دابەزی بۆ (4)دینار (کوردستانی نوی، ژ176، 1992/8/27)،

هەروەها ڕوداوی هێرشکردنە سەر بورجی بازرگانی نیۆرك لە (11)ی ئەیلوڵی (2001)، هۆکارێکی دیکە بوە، کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر ئابوری جیهان و کوردستانیش هەبوە، بوە بە هۆی لاوازبونی چالاکیی بازرگانی لە سنوری وڵاتانی دەوروبەر(ئەحمد و حمید، 2002، 305).

### باسی سێیەم: چالاکیی بازرگانی لە نێو شاری هەولێر

شاری هەولێر پێگەیەکی گرینگی بازرگانی هەبوە لە دوای ڕاپەڕین، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەش هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکەبوە کەوتبوە نێوان ناوچەی دەشتایی و شاخاوییەکانی پارێزگاکە (الجنابي، 1987، 92)، بەهۆی فراوانبونی شارەکە و زۆربونی ژمارەی دانیشتوانی دوابەدوای کۆچپێکردنی گوندنشینان بۆ شار و گەڕان بە دوای کار (انور،ژ573، 1993/12/28) هاتنی دەرکراوانی کەرکوك و دەوروبەری، دواتریش ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ (هەرێم، ژ230، 1999/8/15، 18-19). لە ڕوی بازرگانییەوە شارەکە زیاتر فراوانی بەخۆیەوە بینیوە.

یەکێك لە گرینگترین ناوەندە بازرگانییەکانی نێو شاری هەولێر بازاڕی شێخەڵلا (2) بوە، دەکەوتە ناوەڕاستی شارەکە، سەدان دوکانی جۆراوجۆری دەگرتەخۆ (علی، 2016، 39)، بازاڕێکی گەورە و فراوانبوە، کەوتبوە ناوەڕاستی بازاڕی گشتی شارەکە، ڕۆژانە بە سەدان کەس ڕویان تێدەکرد، جێگای کڕین و فرۆشتنی ڕاستەوخۆی نێوان خەڵك بوە، بازاڕەکە بەرە بەرە فراوانبونی بەخۆیەوە بینی، هەمو جۆرە کاڵاو پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خەڵکی تێدا دەفرۆشرا و بزوتنەوەیەکی ئابوری دیاربوە (انور، ژ573، 1993/12/28) بەتایبەتی شوێنی کڕینی کاڵا خۆراکییە پێویستەکانی وەك شەکر، ڕۆن، چا، برنج، ساوار، هێلکە....هتد بو (کوردستانی نوێ، ژ251، 1992/11/25). بازاڕەکە بەشە بەش بوە و هەر کۆڵان و جێگایەك تایبەت بوە بە چەند جۆرێك شتومەك. بازاڕی حمرا (3)، کە شوێنەکەی دەکەوتە پشت سینما حمرا، شوێنگەی سەرەکی هەمو بازرگانی شاری هەولێر بوە، کاڵای خۆراکی بە تاك و کۆ تێدادەفرۆشرا (حاجی ساڵح، 2023، دیدار) پێکدەهات لە (32) دوکان (لیستی ناوی دوکاندارەکانی بازاڕی...)، بازرگانەکانی ئەم بازاڕە کاڵایان لە بازرگانە تورکەکان لە زاخۆ و بازرگانانی ئێرانی لە حاجی ئۆمەران دەکریەوە و دەیانهێنایە بازاڕەکە لەوێشەوە دەفرۆشرایەوە بازاڕەکانی تری شاری هەولێر و قەزار و ناحیەکانی پارێزگاکە، زیاتر شەکر، برنج، ڕۆن، چا و ئاوی تەماتەی تێدا دەفرۆشرا، ڕۆژ هەبو (15) بارهەڵگری جۆری هینۆ خواردەمەنی دەهێنایە بازاڕی حمرا (حاجی ساڵح، 2023، دیدار). هەر لە بازاڕەکەدا شوێنی قەساب و گۆشتفرۆشەکان هەبوە، بە گوێرەی ڕۆژنامەی برایەتی ژمارەیان (90) قەساب و گۆشتفرۆش هەبون (بەرهەم، ژ 2386، 1997/8/4)، جگەلە دوکان ژمارەیەکی یەکجار زۆر عەرەبانە و مێزیش هەبوە لە بازاڕی شێخەڵلا. بە گوێرەی بابەتێکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، بازاڕەکە دەوروبەری (600)عەرەبانەی جۆراوجۆر و (200) وردەواڵەفرۆش و (50) لەنگەفرۆش و (10000) دەهەزار کەسی لەخۆدەگرت (کوردستانی نوێ، ژ173، 1992/8/24).

بازاڕی گۆڕینەوەی دراو یەکێك بوە لە بازاڕە فراوانەکانی شاری هەولێر کەوتبوە بازاڕی شێخەڵلاوە، بەگوێرەی داتاکانی حکومەتی هەرێم لە ساڵی (2001) لە پارێزگای هەولێر (90) نوسینگەی پارەگۆڕینەوە هەبوە (ئەحمد و حمد، 2002، 34).

بازاڕی چراغ، دوای ئەوەی بازاڕی شێخەڵلا بە بە بەردەوامی خەڵکی زیاتر ڕوی تێدەکرد بەمەبەستی کارکردن جێگایان نەدەبۆیەوە، بەمەش حکومەت ناچاربو بە دروستکردنی گۆڕەپانێکی (74000) مەتری چوارگۆشە لە تەنیشت گۆڕستانی چراغ (کوردستانی نوێ، ژ376، 1993/4/29) بو بە بازاڕی لەنگەفرۆشان (کوردستانی نوێ، ژ427، 1993/7/4).

بازاڕی دەلاڵخانە، بازاڕێکی دیکەی جەنجاڵ بوە کەوتبوە جێگای نافورەی ئێستا، لە تەنیشت باغی شار. کاڵای کۆنە و تازەی تێدا دەفرۆشرا هەر لە جلوبەرگ و ئامێری کارەبایی و کەلوپەلی ناو ماڵ پێداویستییەکانی دیکە.

بازاڕێکی تری شارەکە بازاڕی کۆنەفرۆشان بوە، بەهۆی خراپبونی گوزەرانی خەڵك ئەم بازاڕە دروستببو، دەکەوتە سەر شەقامی خانەقا کە لە چایخانەی مەچکۆ بەرە و ژور بۆ هوتێل سندباد، ڕۆژانە دەیان ماڵی تێدا هەراج دەکرا، هەر لە قاپ و قاچاغ و مەنجەڵ و تەلەفیزیون، کانتۆرِ کەلوپەلی دیکەی کۆنە، بە هۆی نەبونی و برسیەتی هەرزانفرۆشیان دەکرد. بازاڕی پیرەژنان بازاڕێکی دیکەبوە دەکەوتە بازاڕی کۆنە گومرگ (علوە)، لە پشت شەقامی شێخەڵلا بوە، بازاڕی فرۆشتنی جلی کۆنە و جلی ژنان بوە، زۆربەی فرۆشیارانی بازاڕەکە ژن بون (بەرزنجی، ژ982، 1995/5/10).

ناوەندێکی تری گرینگی بازرگانی شارەکە، بازاڕی قەیسەری بوە، دەکەوتە ناوەڕاستی شاری هەولێر و جێگایەکی ستراتیژی هەبوە. ناوەکەی لە بازاڕی کۆنی قەیسەری ئەستانبۆل هاتبو، دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپراتۆر قەیسەر، بازاڕەکە داخراو بوە، لە ساڵی (1820-1830)ز بنیادنرابو، چواردەروازەی سەرەکی هەبوە بەشی سەرەوەی شێوە قوچەکی هێلکەیی هەبوە (خدر، 2009، 2195). لە بازاڕی قەیسەری چەندین بازاڕی جیاجیا هەبوە، لەوانە بازاڕی کوتاڵفرۆشان، کەوتبوە ناوەراستی بازاڕی قەیسەری. هەرچی بازاڕی بەقاڵان، ئەوانە پەنیر و کەشك و ژاژی و ڕۆنی کوردیان دەفرۆشت، لە وەرزی هاوینانیش سەوزە و میوەیان دەفرۆشت. سەرەڕای بونی چەندین بازاڕی دیکی وەك زێرینگران، دوکانی تایبەت بە فرۆشتنی پێداویستی دەرمان و ئامێری کشتوکاڵی، بەرهەمی دارتاشی، سەوزەو میوە، چایخانە و کەبابخانە هتد (نورەدین، 2023، دیدار).

بازاڕی کوران ناوەندێکی دیکەی کڕین و فرۆشتنی شاری هەولێر بوە، کەوتۆتە گەڕەکی کوران، بازاڕەکە لە شەقامی شەست مەترییەوە تا خانوەکانی کارگەی ڕستن و چنینی هەولێر درێژدەبۆیەوە. لە هەر بابەت و بوارێك یا شتێك دڵ بیخوازتبا لە بازاڕەکە دەستدەکەوت (حەسەن، 2009، 2680). ژمارەی دوکانەکانی بازاڕەکە لە ساڵانی نەوەدەکان دەوروبەری (600) دوکان و شوێنی بازرگانی بوە(قەساب، 2022، دیدار).

بازاڕێکی دیکەی شارەکە بازاڕی تەیراوە بوە، ناوەکەی لە گەڕەکی تەیراوە هاتبو، دوکانی جۆراوجۆری لەخۆدەگرت، لەوانە گۆشتفرۆش، کوتاڵفرۆش، سەوزە ومیوە، خواردەمەنی، ماست فرۆش... هتد(حەمەد، 2023، دیدار).

بازاڕی چەکفرۆشتن دیاردەیەکی دیکەی بازاڕەکان بو لە هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین (برایەتی، ژ 1624، 1993/4/119) بە هۆی بونی سەدان پارچە چەك کە لە ڕۆژانی ڕاپەڕین کەتبوە دەست خەڵك(ڕەشید، 2022. ل265) دو مەیدانی چەکفرۆشتن هەبوە لە نێو شاری هەولێر، یەکێکیان نزیك پیشانگاکانی ئۆتۆمبیل لە گەڕەکی ئازادی، ئەویتریان دەکەوتە پشت نەخۆشخانەی ڕزگاری. مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی جۆرەها چەك و پێداویستی سەربازی لێدەکرا(مەجید، ژ1334، 1996/7/14)، جگە لە چەندین شەقامی بازرگانی، لەوانە شەقامی قەڵا، شەقامی هیلالی، شەقامی 30سی مەتری (حەداد، 2001، 87).

لە نێو کۆڵان و گەڕەکەکانی شاری هەولێریش بازاڕ و دوکان هەبوە (برایەتی، ژ 1673، 1993/6/19) لە کۆڵان و گەڕەکەکانی شاری هەولێریش عەرەبانچی و کاسبکارانی گەڕۆك، دەگەڕان لە کۆڵانەکان و بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد بەمەبەستی فرۆشتن و کڕینەوەی کاڵا، لەوانە کڕینەوەی خواردەمەنی وەرگیراو لە بریکارەکانی خۆراك (بەختیار،2002، 22). فرۆشتنی سەهۆڵ لە گەڕەکانی شاری هەولێر بازاڕی گەرم بوە. لە وەرزی هاویندا، بە هۆی نەبونی کارەباوە (قادر، 2002، 177).

ئەوانەی خەریکی کارکردن بون لە بازاڕەکان، جگە لە کاسبکاران، خوێندکاری زانکۆ، دەرچوانی بەشەکانی مامۆستایان، کۆلێژی ئەندازیاری (کوردستانی نوێ، ژ400، 1993/5/28) دەیان فەرمانبەر و مامۆستا و ئەندازیار و خاوەن بروانامەی

جۆراوجۆر و پێشمەرگەی کۆن بە هۆی باری گرانی ژیان ڕویان لەو بازاڕە کردبو بۆ پەیداکردنی پاروی حەلاڵ (انور، ژ573، 1993/12/28).

مەیدانی ئاژەڵان شوێنێکی دیکەی بازرگانی هەولێر بو، دەکەوتە کەسنەزان، بە سەدان ئاژەڵی جۆراوجۆری تێدا دەفرۆشرا و ڕۆژانە جمەی دەهات (کورد، 2009، 2436). بازاڕی مریشکفرۆشانیش شوێنەکەی نزیك بازاڕی شێخەڵلابو، تایبەت بوە بە کڕین و فرۆشتنی هەمو جۆرە پەلەوەر و باڵندەیەك دەکەوتە نزیك کۆڵانی ئاردفرۆشان (حەمەد، 2023، دیدار).

شوێنی تایبەت بە فرۆشتنی سەوزە و میوەی بە کۆمەڵ هەبوە لەشارەکە، کە ناسرابو بە گومرگ، کەوتبوە سەر ڕێگای کەرکوك و ئەو ڕێگایەی بۆ ناحیەی دارەتو دەڕۆیشت، دواتر گوێزرایەوە بۆ جێگای ئێستای کە سەر ڕێگای گوێڕ، دەوروبەری (40) شوێن (محل) بون، بەرهەمی سەوزەو میوەی ناوخۆیی تێدا دەفرۆشرا، بەشێکی بۆ دەرەوەی پارێزگاکە دەنێردرا، جگە لە بەرهەمی هاوردەکراو(حوێز، 2022،دیدار).

بێجگە لەوانەی باسکران، ژمارەیەك لە دەزگا و دامەزراوە بازرگانییەکانی سەر بە حکومەت لە شارەکەدا هەبوە، لە گرینگترین ئەو دامەزراوانە:

1-بەڕێوەبەرایەتی لقی هەولێری کۆمپانیای گشتی دانەوێڵە (سایلۆ) (هەندێك لە چالاکییە دارایيەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 1997، 249)

2- لقی هەولێری کۆمپانیای خۆراك، لە ساڵی (2001) بریکارەکانی خۆراك لە پارێزگای هەولێر ژمارەیان(2986) بریکار بوە (ئەحمەد و حەمەد، 2001، 81).

3-بەشی فرۆشتنی کارگەی ڕستن و چنینی هەولێر، لە نێو کارگەکە بو بەرهەمی کارگەی دەفرۆشت (فرۆشتنی کوتاڵ، ژ1774، لە 1998/8/22)

4-دەزگای هێنان و دابەشکردنی داودەرمان سەر بە وەزارەتی تەندروستی دەرمانی لە دەرەوە دەهێنا، دەیفرۆشتەوە دەرمانخانە و کۆگاکانی دەرمان (مجید، ژ776، 1994/9/5).

سەبارەت بە ژمارەی بازرگانان، بەگوێرەی ئامارەکانی ژوری بازرگانی هەولێر، لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، (1830) بازرگان ناوی خۆیان تۆمارکردوە لە ژوری بازرگانی پارێزگای هەولێر، کەمترین ژمارەی تۆمارکراو، (28) بازرگان بوە لە ساڵی (1991)، زۆرترین ژمارەی تۆمارکراویش (252) بازرگان بوە لە ساڵی (1998)، هۆکارەکەشی بە ڕونی لە ڕوداوەکانی ڕاپەڕین دەردەکەوێ و کەمترین کەس دەستیان بە کاری بازرگانی کردوە، لەکاتێکدا ساڵی (1998) بە هۆی کاریگەری جێبەجێکردنی بڕیاری (986) و نەمانی شەڕی ناوخۆ و باشتربونی ڕەوشی ئابوری ژمارەکە گەیشتۆتە بەرزترین ئاست. لەو (1830) بازرگانەی ناوی خۆیان تۆمارکردوە لە پارێزگاکە لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، (1801) بازرگانی لە شاری هەولێر بوە (تۆماری بازرگانان و پیشەوەرانی پارێزگای هەولێر 1991-2003، داتای بڵاونەکراوە)، کە دەکاتە ڕێژەی (98،41%) بازرگانانی پارێزگاکە، ئەمەش کاریگەری گەورەیی قەبارەی بازرگانی شارەکە پیشاندەدات لە چاو قەزاکانی تری پارێزگای هەولێر.

**باسی چوارەم: پەیوەندییە بازرگانیەکانی شاری هەولێر**

شاری هەولێر هەر لە کۆنەوە پەیوەندیەکی بازرگانی بەهێزی هەبوە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی باشوری کوردستان و پارێزگاکانی تری عێراق، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991، ئەم پەیوەندییە بەهێزتر و فراوانتر بو، بەتایبەتی لەگەڵ ناوچەکانی

باشوری کوردستان، هەروەها شاری هەولێر پەیوەندی بازرگانی دەرەکی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بۆ دروستبو بە تایبەتی ئێران و تورکیا. لەم سۆنگەیەوە، باس لە پەیوەندی بازرگانی نێوخۆیی و دەرەکی شارەکە دەخەینەڕو.

**1-پەیوەندی بازرگانی نێوان شاری هەولێر و قەزاو ناحییە و گوندەکان**

لایەنێکی گرینگی بازرگانی نێوخۆی پارێزگای هەولێر ئەو پەیوەندییە بازرگانییە شاری هەولێر لەگەڵ قەزا و ناحیە و گوندەکانی هەیبوە. بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکە و تایبەتمەندیەکەی هەردو ناوچەی دەشتی هەولێر و ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگاکەی بەیەکەوە گری داوە(حەداد، 2001، 86). دەبێ ئەوە بزانین قەزاکانی سەر بە پارێزگای هەولێر لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، بێجگە لە قەزای ناوەندی هەولێر پێکدەهات لە (7) قەزا بە قەزای دەشتی هەولێرەوە کە لە ساڵی (2002) دامەزرا. هەریەك لە قەزاکانی شەقلاوە، کۆیە، سۆران، چۆمان و مێرگەسۆر پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ شاری هەولێر هەبوە، بەڵام لەکاتی شەڕەکانی ناوخۆ و دو ئیدارەیی پەیوەندییان لاوازدەبو. کاڵاو بەروبومەکانی ناوچەکانیان ناردوە بۆ شاری هەولێر، ئەوانیش زیاتر بەروبومی ئاژەڵی و کشتوکاڵی بوە، لە ناوچە چیاییەکانی وەك خۆشناوەتی و باڵەکایەتی، میوەی ترێ، هەنار، هەرمێ، خۆخ، سێو، قەیسی، گوێز، بادام، توتن، لە ناوچە دەشتاییەکانیش زیاتر دانەوێڵەی وك گەنم و جۆ، سەوزەی وەك تەماتە، خەیار، کودی، پیاز، گندۆرە، شوتی هتد دەهێنرایە شاری هەولێر. هەروەها بەرهەمی ئاژەڵی هەر لە ماست، پەنیر لە ناوچەی کۆیە و دەشتی هەولێر دەهێنرایە شارکە، بەڵام لە ناوچە چیاییەکان پەنیر، کەرە، ڕۆن، ژاژی، لۆر دەنێردرا بۆ بازاڕەکانی شارەکە (طە، 2023، دیدار).

هەرچی کاڵای هەناردەی شاری هەولێر بو بۆ قەزا و ناحیە و گوندەکان، زیاتر خواردەمی سەرەکی وەك شەکر، چا، جلوبەرگ و پێلاو، فانۆس و چرا (طە، 2023، دیدار)، کوتاڵ، پاکەت، مۆلیدەی کارەبایی و کەرەستەی پزیشکی و پایسکل و هتد (عثمان، 2023، دیدار) و بەرهەمی پیشە دەستیەکانی وەك فەرشەی نان، تەشی، تیرۆك، بێژنگ، ناوبریشك، پێداویستی کشتوکاڵی وەك پاچ، خاکەناس دەنێردرا قەزاکانی پارێزگای هەولێر (طە، 2023، دیدار).

**2-پەیوەندی بازرگانی شاری هەولێر لەگەڵ ناوچەکانی باشوری کوردستان**

شاری هەولێر پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ پارێزگای دهۆك هەبوە، بەڵام ئەم پەیوەندییە زیاتر لەژێر کاریگەری ڕەوشی سیاسی دابوە، بۆ نمونە لە ماوەی (1992-1994) پەیوەندی بەهێزبوە و ڕۆژانە خواردەمەنییەکی زۆر لە زاخۆوە دەهێنرایە شاری هەولێر، چونکە لەدوای چەسپاندنی هەردو گەمارۆی ئابوری، ڕێگەی سەرەکی هاوردەکرنی کاڵای خواردەمەنی بۆ پارێزگاکە لە تورکیاوە لە ڕێگەی زاخۆوە بوە. ڕۆژانە کاڵایەکی زۆر لەوێوە هاوردەدەکرا (پرۆتۆکۆڵ ژ18، 1997، 45). لە ساڵانی (1995-1996) بە هۆی شەڕی ناوخۆ پەیوەندی بازرگانی شارەکە لەگەڵ پارێزگای دهۆك بەرەو لاوازی چو. دوای ڕوداوی 31ی ئابی 1996، هەروەك پێشتر باسمان کرد پەیوەندی بازرگانی فراوان بوە لە نێوانیان. بۆ دەرخستنی قەبارەی بازرگانی نێوان هەردو پارێزگاکە، ڕێژەی بازرگانی ساڵی(1998) وەردەگرین کە بەم شێوەی خوارەوە بوە.

کاڵای بازرگانی پێکراو لە نێوان هەردو پارێزگای هەولێر و دهۆك ساڵی (1998)(خوشناو، 1999، 97).

| | جۆری کاڵا | کۆی کاڵا بەتەن | ڕێژەی % |
|---|---|---|---|
| 1 | خواردەمەنی | 20407 | 25 |
| 2 | جگەرە | 953 | 1،17 |
| 3 | کارەبایی | 1331 | 1،63 |
| 4 | جوانکاری | 14541 | 17،82 |
| 5 | میوەو سەوزە | 30060 | 36،85 |
| 6 | موادی سەرەتایی | 8541 | 10،47 |
| 7 | کەرستەی بیناسازی | 4078 | 5 |
| 8 | خواردنەوەکان | 1638 | 2 |
| 9 | فلتەری جگەرە | 27 | 0،034 |
| | سەرجەمی | 81576 | %100 |

ئەمەش لە کاتێکدا بوە کە بڕیاری نەوت بە ڕامبەر خۆراك جێبەجێکرابو و خۆراك کەمتر دەهێنرا، (20507) تەن هێنراوە و ڕۆیشتوە. تەنیا لە هەرسێ مانگەکانی (10 و 11 و 12)ی ساڵی (1998)، بڕی (17938) تەن خۆراك بازرگانی پێکراوە لە نێوان هەردو ناوچەکەدا( خوشناو، 1999، 99) بێگومان پێش ساڵی (1997) ڕێژەکە گەلێك زۆرتربوە پێش دابەشکردنی خۆراك لە ڕێگەی بریکارەکانەوە، میوەو سەوزە لەسەروی هەمو کاڵاکانەوەیە، لە دوای ئەویش شتومەکی جوانکاری دێت بەپلەی سێیەم لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان، بە هۆی ئەوەی لە دوای ساڵی(1996) گرینگی زیاتری پێدراوە فرۆشتنی زیاتر بوە بە هۆی باشبونی گوزەرانەوە دوای بڕیاری (986).

گرینگترین ئەو کاڵایانەی دەبرانە دهۆك بریتیبون لە، موادی یەدەگی ئۆتۆمبێل، ئاژەڵی زیندو، ئەساسی ماڵ و پێداویستی، خواردەمەنی. کەرەستەی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵ، جلوبەرگ، کەلوپەلی بەستانی کارەبا، تایە، قوماش (عزیز، 1999، 103)، بەرهەمی کارگەکان وەك نایلۆن، سۆندە و مەسینە(ساڵح، 2023، دیدار).

پارێزگای سلێمانی پارێزگاییەکی دیکەیە پەیوەندییەکی فراوانی بازرگانی هەبوە لەگەڵ شاری هەولێر. گرینگترین ئەو کاڵایانەی دەبرانە سلێمانی، خواردەمەنی، جلوبەرگ، قوماش، ئاژەڵ، پێڵاو، موادی یەدەگی ئۆتۆمبێل، تایە، ئەساسی ماڵ و پێداویستی، ئامێری کارەبایی ناوماڵ، جگەرە و خواردنەوەی ڕوحی، کەرستەی بیناسازی، کەلوپەلی بەستانی کارەبا، کەرەستەی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵی، قرتاسیە و پێداویستی قوتابخانە، ئامێر، پێداویستی و کەرستەی پیشەسازی وەك مس و ڕساس و پاتری بەکارهاتو، ئامێری کشتوکاڵی، ئۆتۆمبێل، پاکەرەوە و کەرەستەی جوانکار و پێداویستی جۆراو. ئاژەڵی زیندو لە ڕیزی پێشەوەی هەناردەکانی شاری هەولێر بوە بۆ پاریزگای سلێمانی، تەنیا لە ساڵی (1998)، (225765) ئاژەڵ، (89747) کارتۆن جگەرە و خواردنەوەی ڕوحی، (17751) پارچە موادی یەدەگی ئۆتۆمبێل، (8118) تەن خۆراك (130) کەرەستەی بیناسازی براوەتە پارێزگای سلێمانی، بازرگانی جگەرەوە خواردنەوەی ڕوحی ڕەواجی زۆربوە، چونکە دەبرانە ئێران، هەرچی کەرەستەی بیناسازییە ڕێژەکەی کەمبوە بە هۆی بونی کارگەی چیمەنتۆ و کارگەی مەڕمەڕ لە پارێزگای سلێمانی (عزیز، 1999، 1100-102).

### 3-پەیوەندی بازرگانی شاری هەولێر لەگەڵ پارێزگاکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری(1991)، پەیوەندی بازرگانی شاری هەولێر لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق هەبوە، بە تایبەتی لەگەڵ هەردو پارێزگای موسل و پارێزگای کەرکوك بە هۆی هاوسنوری لەگەڵ ئەم دو پارێزگایە. بەڵام بە شێوەی فەرمی نەبوە، زیاتر قاچاغ بوە بە هۆی گەمارۆی حکومەتی عێراق لەسەر باشوری کوردستان، لە ساڵی (1993) حکومەتی ناوەند ڕێگای نێوان پارێزگای هەولێر و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی گرت، تاساڵی( 1996)، ڕێگای هاتوچۆکردنیش لە ئاستێکی لاواز دابو لەو ماوەیەدا ڕژێم ڕێگای نەدەدا کۆستەر و تاکسیش بچێتە ناوچەکەکانی، زیاتر هاووڵاتیان لە ڕێگای لۆری و پیکابەوە هاتوچۆیان دەکرد، ئەوەی هەبو زیاتر بازرگانی قاچاغ و ڕێپێنەدراو بو(ئەحمد، 2022، دیدار). حکومەتی هەرێمیش بڕیاری قەدەغەکردنی هەناردەکردنی خواردەمەنی دابو بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم (دلبەند، ژ522، 1993/10/29).

خاڵی سنوری پارێزگای هەولێر لەگەڵ ناوچەکانی ڕژێم بە هۆی ڕێگاکانی (کەلەکی یاسین ئاغا، مخمور، قوشتەپە، تەقتەق)هوە بو، ڕێگاکانیتر بە نایاسایی دادەنرا (دڵبەند، ژ299، 1993/1/25). لە دوای ساڵی(1996) پەیوەندی بازرگانی کرایەوە، ژمارەیەك بازرگان کاڵایان لەناوچەکانی حکومەتی مەرکەزی هاوردەدەکرد و هەندی کاڵای زیادە لە هەرێم و شاری هەولێر دەیانبردە ناوچەکانی حکومەتی ناوەند (خوشناو، 1999، 101)، ئەو کەلوپەلانەی دەچونە ناوچەکانی حکومەتی ناوەند، پێکدەهات لە کاڵای خۆراکی، کەرستەکانی بیناسازی، کارەبایی، پیشەسازی، کەلوپەلی یەدەگی ئۆتۆمبێل و تایە، پێداویستی و کەلوپەلی ناوماڵ، کەرەستەی کشتوکاڵی جلوبەرگ و کوتاڵ، پێڵاو، ئاژەڵی زیندو، جگەرە و خواردنەوەی هۆشبەر، ئەگەر هەناردەی پارێزگای هەولێر وەربگرین لە ماوەی سێ مانگی کۆتایی ساڵی (1998) بۆ ناوچەکانی حکومەتی عێراق بەم شێوەیە بوە، کاڵای خۆراکی (1285) تەن، جلوبەرگ (298087) تەن، کەرستەی بیناسازی (570) تەن، کەرستەی کارەبایی (37002) دانە، کەلوپەلی یەدەگی ئۆتۆمبێل (7550)دانە، ئاژەڵی زیندو (460456) دانە (عزیز، 1999، 117).

سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی بە شێوەی قاچاغ هەر لە ساڵی (1991)هوە هەبوە. ئەو کاڵایانەی بە قاچاغ دەچون بریتیبون لە خواردەمەنی، ڕۆژانە بە دەیان ئۆتۆمبێلی پڕ لە خۆراك بۆ شارەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق دەچو زۆرجار هێزەکانی ئاسایش دەستیان بەسەر ئەو کاڵایانەدا دەگرت بۆ نمونە لە شەوی (19لەسەر 1993/12/20) لە ڕێگای هەولێر بۆ موسڵ لە نزیك دوڕیانی شارۆچکەی گوێر، هێزەکانی ئاسایش دەستیان بەسەر (22) ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرت داگرت (کوردستانی نوی، ژ567، 1993/12/21)، ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە، چونکە ئەگەر هەر ئۆتۆمبێلێك تەنێکی هەڵگرتبێ، زیاتر لە (22) تەن شەوانە هەناردەکراوە لە یەك ڕێگا، بێگومان هەندێك لە بارهەڵگرەکان (4) تەن یان زیاتریشیان هەڵگرتوە ئەگەر لۆری بوبن، بارەکانیشیان پێکدەهات لە نۆك، پاقلە، پیاز، سماق و هەندێ کاڵای دیکە (کوردستانی نوی، ژ567، 1993/12/21)، وەك شەکر، پەتاتە، پاکەت(خضر، 2023، دیدار).

هەرچی بابەتی هاوردەبو، زیاتر بریتیبو لە نەوت و گاز و بەنزین و غاز بەقاچاغ دەهێنرایە، شاری هەولێر بە دەیان پیکاب ڕۆژانە(6-7) بەرمیلی بەردەکرد لە گوندەکانی پشت کەلەکی یاسن ئاغا ی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دەهێنا شارەکە(خضر، 2023، دیدار)، کۆڵبەری هێنان و بردنی کاڵا لە نێوان پارێزگای هەولێر و شارەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند تا ساڵی (1996) بە شێوەی فراوان هەبوە، لەگەڵ پارێزگای کرکوك، قاچاغچییەکان شت و مەکیان دەکری لە

شاری كركوك و پردی بە ئۆتۆمبێل دەیانهێنا تا پشت سەیتەری شێراوە، لە ڕێگای سەرەكی دوردەكەوتنەوە، بە ڕێگای خۆڵ و لەشەودا، دەوروبەری (6) سەعات بەپێ تا گردە پێشكە كە نزیكە لە گوندی (دۆرەزە)، ئینجا دەهاتنەوە سەر ڕێگای سەرەكی ئینجا بۆ هەولێر هەر كۆلبەرێك، (20-30) كلغم ی هەڵدەگرت، ئەو شتومەكانەی دەهێنرا، موادی كارەبایی، كانزای سفر، فافۆن، مەكینەی پینەدۆزی، موادی ئۆتۆمبێل، مەنجەڵ و فافۆنی ناوماڵ...هتد( ئەحمەد، 2022، دیدار). خەلكانێكی زۆر بەو بازرگانیەوە سەرقاڵبون، بە گوێرەی بە دواداچونەكانی ڕۆژنامەی برایەتی لە ساڵی (1993)، تەنیا لە ناوچەكانی (صوفیە) زیاتر لە (70) كەس كەڵ و پەلیان بە شێوەی قاچاغ دەهێنا و دەبرد بە دەست و بە كۆڵ پاش ئەوەی دادەبەزین لە پاس لە نزیك بازگەكانی ڕژێم، لە ڕێگای موسل (گلی، ژ1784، 1993/10/21). ئەم شێوە لە بازرگانی بە هۆی قەدەغەبونی، جێگای مەترسی بوە، جار هەبوە قاچاغ چیەكان ڕوبەروی هەرەشە و كوژران و گیران بونەتەوە(خضر، 2023، دیدار).

### 4- بازرگانی دەرەكی شاری هەولێر

دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) پێگەی بازرگانی كوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی چوە قۆناغیكی تازەوە بە هۆی ئەو نیمچە سەربەخۆییەی هەیبو( خۆشناو، ژ1، 2006)، هەرێمی كوردستان بە پارێزگای هەولێریشەوە ببوە ناوەندێكی گرینگی بازرگانی لە نێوان عێراق و توركیا و ئێران،( برایەتی، ژ2218، 1996/11/24))، بە شێوەیەكی خێرا گەشەی كرد بە هۆی ئەو ڕۆڵەی كەرتی تایبەت بینی لە بازرگانی دەرەكی و هاوردەكردنی كاڵا، لە ساڵی (1992) وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی كوردستان، دەرفەتی بە (308) بازرگان دا لە هەرێمی كوردستان بۆ هێنانی خواردەمەنی(كوردستانی نوێ، ژ296، 1993/1/21)، ئەگەر ژمارەی مۆڵەتی هاوردەكردن وەربگرین، لە هەرێمی كوردستان لە ساڵی (1994)، ژمارەیان (118) مۆڵەت بوە، لە ساڵی (1996)گەیشتە (1730) مۆڵەت (شەریف، 2001، 14)، ئەمەش دەرخەری گەشەسەندنی خێرای بازرگانی دەرەكییە بە شاری هەولێریشەوە.

ئێران یەكێكە لەو وڵاتانەی پەیوەندیەكی بەهێزی بازرگانی لەگەڵ شاری هەولێر هەبوە، هەناردەو هاوردە لە ڕێگەی حاجی ئۆمەران ئەنجام دەدرا لە قەزای چۆمان دەبەسترایەوە بە ئێران، (غەفور، 2012، 422) قەبارە و جوڵەی بازرگانی پشتی دەبەست بە ڕەوشی سیاسی و بڕیارەكانی حكومەتی ئێران(خوشناو، 1999، 101)، ئەو كاڵایانەی هاوردە دەكرا بریتیبون لە بەرهەمی كشتوكاڵی سەوزە و میوە(غەفور، 2012، 423). هەرچی هەناردەی پارێزگاكە بو بۆ ئێران زیاتر هەندێ سیكراب، فافۆن، مس، قوتوی بەتاڵی ساردەمەنی(غەفور، 2012، 424) ئاسن و قوم دو مادە بون بە شێوەی فەرمی گومرگ دەكران( سمكۆ، ژ1187، 1996/1/11) هەروەها بەرهەمی كارگەكانی حكومی، لەوانە بەرهەمی كارگەی مافور(وەرگرتنی پارە، ژ1316، لە2000/9/25) و كارگەی جگەرەی هەولێر دەنیردرانە ئێران(ڕێگادانی جگارە،ژ1341، لە 2001/5/9).

لە بواری پەرەپێدان و بەهێزكردنی بازرگانی، لە( 2002/2/2) یەكەمین پیشانگای كاڵای ئێرانی لە شاری هەولێر ئەنجام درا، چەند كۆمپانیایەكی ئازەربایجانی ڕۆژئاوای كۆماری ئیسلامی ئێران بەشداربون، بوە هۆی پتەوبونی پەیوەندی بازرگانی و ئابوری لە نێوان حكومەتی هەرێم و كۆماری ئیسلامی ئێران( عەبد، 2003، 18).بازرگانانی ئێران دەهاتنە شاری هەولێر هاوكاری دەكران بۆ مۆڵەتی مانەوە لە لایەن حكومەتی هەرێم، بەمەبەستی بردنی كاڵاو ساغ كردنەوەی لە وڵاتەكەیان (ئاسانكاری، ژ2389، لە 2002/10/2).

توركیا یەكێكی ترە لەو وڵاتانەی پەیوەندییەكی بە هێزی بازرگانی لەگەڵ شاری هەولێر هەبوە، لە دوای ڕاپەڕین، خواردن و قوماش و جلی ئامادەكراو...هتد هاوردەدەكرا(چەلەبی، 2023، دیدار)، كاڵای خۆراكی بە قەبارەیەكی یەكجار زۆر دەهات، تاوەكو جێبەجێكردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك و دابەشكردنی خواردەمەنی لەلایەن بریكارەكانی خۆراك، بازرگانەكانی شاری هەولێر، كاڵایەكی زۆری خۆراكیان لە بازرگانە توركەكان دەكریەوە كە دەیانهێنا زاخۆ و لە ڕێگەی بریكارەكانیان دەیانفرۆشتەوە(سالح، 2023، دیدار).

یەكێكی دیكە لەو وڵاتانەی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ پارێزگای هەولێر هەبوە، سوریا یە، بە هۆی هاوسنوری لەگەڵ هەرێمی كوردستان، كاڵایەكی زۆر لەو وڵاتەوە هاوردەی پارێزگای هەولێر دەكرا، كاڵای لە فافۆن دروستكراوی وەك مەنجەل و قاپ و كەلوپەلی وردەواڵەی ناوماڵ، جەمەدانی...هتد(رضا، 2023، دیدار). هەروەها بازرگانانی شاری هەولێر كاڵایان لەوڵاتانی دیكەش هاوردەكردوە، لەوانە حاجی محەمەد كاڵای لە وڵاتانی ئوردەن و سعودیا هاوردەكردوە(حوێز، 2022/12/24، دیدار).

لە ساڵی (1997)هوە بازرگانی دەرەكی هەولێر چوە قۆناغێكی ترەوە، ئەویش هاوردەكردنی شتومەكە لە دوبەی، كە ناوەندێكی گرینگی بازرگانی جیهانیە، هەر كاڵا و پێداویستیەك داواكاری لەسەر بو دەستدەكەوت ئەگەریش نەبوایە لە وڵاتانی تر دەهێنرایە ئەوێ لەوێشەوە هاوردەدەكرایە شاری هەولێر. جلوبەرگ و جوانكاری و كەرستەی كارەبایی، كەلوپەلی دارتاشی و دەرگاو سوپان و دەرنافیس و كیلۆنی دەگا و چەندین كاڵای دیكە دەهێنرا (حوێز، 2022/12/24، دیدار) لە ڕێگەی دوبە ی كاڵا لە هندستان، سین، ئەندەنوسیا و وڵاتانی دیكەوە دەهێنرایە شاری هەولێر، لە ڕێگەی ئاوی بە كەناڵی سویس ی میسری دەهێنرایە توركیا لەویشەوە بۆ زاخۆ دواتر بۆ شاری هەولێر(چەلەبی، 2023، دیدار). لە ساڵی (1998) بازرگانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وڵاتی چین دەستی پێكرد بازرگانانی شاری هەولێر دەچونە چین (احمد، 2023، دیدار) جۆرەها كاڵای كارەبایی، گڵۆپ، تەلەفزیون، ئامێری وەك ڕافیعە، خواردەمەنی وەك گولە بەڕۆژە هتد هاوردەدەكرا، بێجگە لەوانەی باسكران بازرگانانی شارەكە كاڵایان لە وڵاتەكانی، ڕۆمانیا، سیریلانكا... هتد هاوردەدەكرد( حوێز، 2022/12/24، دیدار).

سەرەڕای ئەمانەی باسكران، بونی پەیوەندی بازرگانی قاچاغ و ڕێپێنەدراوی شاری هەولێرە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەتی وڵاتی ئێران. شتومەك بە قاچاغ لە شاری هەولێرەوە دەبرایە ئێران و لەوێشەوە هاوردەدەكرا. كاڵا دەهێنرایە گوندەكانی پیران شار و سنوری هەرێمی كوردستان، بە وڵاغ دەپەڕێنرایەوە لە سنور، كەرەستەی وەك سیمی بیژنگ، جام، تایە...هتد(نجار، 2023، دیدار).

لە كۆتاییدا، دەكری بلێین، هۆكارەكانی هەڵكەوتەی جوگرافی و هاتوچۆ و سیاسەتی حكومەتی هەرێم و توانای دارایی هاووڵاتیان و باری سیاسی ڕۆلی كاریگەریان لە سەر جموجۆڵی بازاڕەكانی شارەكە و چالاكیی بازرگانی دروستكردوە لە دوای ڕاپەڕین. پەیوەندی بازرگانی شارەكە لەگەڵ ناوچەكانی دیكەی باشوری كوردستان و عێراق بەهێزبوە، سەرەڕای دروستبونی پەیوەندی بازرگانی دەرەكی شارەكە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەرەوە. هەروەها بونی پەیوەندی بازرگانی قاچاغی شارەكەیە لەسەر ئاستی بازرگانی نێوخۆی و دەرەكی.

**دەرئەنجام:**

- شوێنی جوگرافی شاری هەولێر، پێگەیەكی گرینگی بازرگانی بە شارەكە بەخشیوە، تەنانەت حكومەتی عێراق نەیتوانیوە جمو جۆڵ و گەشەكردنە بازرگانیەكانی ڕابگری، و پەیوەندی بازرگانی دەركی دروستكردوە لەگەڵ وڵاتان.

-لەم قۆناغە کەرتی تایبەت و بازرگانان، ڕۆڵی سەرکی و تاك لایەنەی هەبوە لە چالاکیی بازرگانی بە تایبەتی بازرگانی دەرەکی و هاوردەکردنی کاڵا.

-باری سیاسی نێوخۆی و دەرەکی بەهێزترین هۆکاری بەرزبونەوە و نزم بونەوەی نرخی کاڵا و شتومەك بوە، بە تایبەتی بەرزبونەوەی نرخی دۆلار

-بازاڕەکانی شارەکە فراوانبونی بە خۆیەوە بینیوە، چەند بازاڕێك دروست بوە کە ڕەنگدانەوەی دۆخی دوای ڕاپەڕین و خراپ بونی گوزەرانی خەڵك بوە، لەوانە بازاڕی کۆنەی هەولێر، بازاڕی لەنگە و بازاڕی پەڵکەنان فرۆشان.

-بازاڕەکانی شارەکە، بۆتە شوێنی کاسبی و پەیداکردنی بژێوی مامۆستا، فەرمانبەر و دەرچوانی دانەمەزراو بە هۆی خراپی گوزەرانەوە ڕوبانکردبوە بازاڕەکان و خەریکی کاری بازرگانی بون.

-توانای کڕینی کاسبکاران و فرۆشیاران زیاتر بوە لە توانای کڕینی مامۆستایان وفەرمانبەرانی دامەزراو.

-دو قۆناغی جیاکراوە لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا دەستنیشان دەکرێت، لە ساڵی(1991-1996)، خواردەمەنی بابەتی لە پێشینەی کڕینی هاووڵاتیان بوە، بەڵام لە ساڵانی (1997-2003) بابەتی جوانکاری و ئامیر و پێداویستی دیکەی گرینگی پێدراوە، بە هۆی دابەشکردنی خۆراك و باشبونی گوزەران.

-شارەکە پەیوەندی بە هێزی بازرگانی قاچاغی هەبوە لەگەڵ ناوچەکانی حکومەتی ناوەند لە ساڵانی 1991-1996.

پەراوێز:

(1) بەرەی کوردستانی: لە پێناوی هاوپەیمانیەتی نێوان هێزە کوردستانیەکان لە (6ی حوزێرانی1988) نوێنەرانی شەشە پارتی کوردستانی لە خواکورك کۆبونەوەو بەڵگەنامەی دروستبونی بەرەی کوردستانیان واژوکرد، بو بە بناغەیەکی بەهێز بۆ سەرپەرشتی وسەرکردایەتی خەبات و جەماوەری باشوری کوردستان (ابوبكر، 2017، 32)

(2) بازاڕی شێخەڵڵا: ناوەکەی لە مەزاری شێخ عبداللە هاتوە کەوتبوە بازاڕەکەوە.

(3) بازاڕی حمرا:ناوەکەی لە سینما حمرا وەرگیرابو دەکەوتە پشتیەوە (حاجی ساڵح، 2023/1/28،چاوپێکەوتن)

## لیستی سەرچاوەکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەکنیك و بەرهەم بۆ کارگەی جگەرەی هەولێر، بابەت: وەرگرتنی پارە، ژ(1316)، لە 2000/9/25.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای هەولێر بۆ پارێزگای هەولێر، بابەت: زانیاری، ژ(3928)، لە 1993/6/27.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای هەولێر بۆ گشت بازگەکانی هەرێمی کوردستانن، بابەت: مەڕوماڵات، ژ(941)، لە 1993/2/16

پارێزگای هەولێر، خۆیەتی، ئاماری سەرجەم فەرمانبەرانی دیوانی وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی ناوشاری هەولێر 1995،

کارگەی ڕستن و چنینی خوری-هەولێر بۆ وەزارەتی پیشەسازی و وزە، بابەت: فرۆشتنی کوتاڵ، ژ(1774)، لە 1998/8/22.

کۆبونەوەی نائاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژ(34)، لە 1993/3/5.

وەزارەتی دارایی و ئابوری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی داهات بۆ بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر، بابەت: ڕێگادانی جگەرە بۆ (د.هـ)، ژ(1341)، لە 2001/5/9.

وەزارەتی پیشەسازی وزە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەکنیك و بەرهەم بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی، بابەت: ئاسانکاری، ژ(2389)، لە 2002/10/2.

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، پرۆتۆکۆڵی ژ(18)، 1992/7/26، ب2، چاپی یەکەم،(هەولێر، 1997).

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، پرۆتۆکۆڵی ژ(18)، 1993/11/30،ب10، چاپی یەکەم،(هەولێر، 1998)

بەڕێوەبەرایەتی ژورەکانی بازرگانی و پیشەسازی هەولێر، بەشی ئایتی، تۆماری بازرگانان و پیشەوەرانی پارێزگای هەولێر 1991-2003(داتای بڵاونەکراوە).

ئەحمەد، بەدران وحمد، هەلمەت(2002). کوردستان لە ساڵی 2001دا، دەزگای ئاراس، هەولێر.
عبدالخالق قادر و ئەوانی دیکە، چالاکیەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ شوێنی چاپ، بەبێ ساڵی چاپ.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی و ئابوری، هەندێك لە چالاکییە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 1997 دا، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی دارایی و ئابوری، ژ(1)، هەولێر، 1997،
جمهوریه العراق، وزاره التخطیط، الجهاز المرکزی للاحصاء، المجموعه الاحصائیه السنویه 1991، الاحصاء الزراعی، 1992.
ئاڵای ئازادی، ژ(29)، 1992/7/5، ژ18 (1992/4/5)
برایەتی، ژ427 ( 1993/7/4)، ژ1615 ( 1993/4/9)، ژ (1624) 1993/4/119، ژ(1673) 1993/6/19، ژ (1985)، 1994/7/5، ژ(2218) 1996/11/24، ژ(2406)1997/8/31.
ڕێگای کوردستان.. ژ(48) 1993/3/3.
کوردستانی نوێ، ژ(69) (1992(/4/17، ژ(83) 1992/5/4،ژ(173)، 1992/8/24،، ژ(176) 1992/8/27، ژ(251)1992/11/25، ژ(296) 1993/1/21، ژ400 ( 1993/5/28)، ژ(427)1993/7/4، ژ(567)، 1993/12/21، ژ576 ( 1993/12/31)، ژ(1245) 1996/3/25، ژ1668 (1993/6/13)، ژ(1290) 1996/5/22.
یەکگرتو، ژ(409) 2002/10/11.
هەرێم (گۆڤار)، ژ(230)، 1999/8/15، ل19.
ابوبکر، توانا قادر(2017). بەرەی کوردستانی 1987-1992، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، ڕانیە، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژو.
عثمان، بورهان حاتم( 2019). بارودۆخی ئابوری هەولێر لە نێوان ساڵانی 1958-1975، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، هەولێر، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کۆلێژی ئاداب، بەشی مێژو.
علی، سۆزان صدیق (2016). هەڵسەنگاندنی جوگرافی شوێنەکانی حەوانەوە لە شاری هەولێر لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گەشت و گوزار، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، هەولێر، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی جوگرافیا.
صالح، جەلیل حەمە حسین (2022). سیاسەتی حکومەتی ناوەند بەرامبەر هەرێمی کوردستانی عێراق 1991-2003، نامەی ماستەر- بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژو.
خوشناو، صباح صابر محمد(1999). دور الضرائب الکمرکیهة فی تنشیط حرکة التجاره فی اقلیم کوردستان-العراق، اربیل: رسالە ماجستیر، غیر منشوره، جامعه دهوك،دهوك، کلیة الادارةو الاقتصاد، قسم الاقتصاد.
عزیز،گولدران عبدالرحیم (1999). واقع النشاط التجاری فی اقلیم کوردستان-العراق دراسه تحلیلیه للفتره (1993-1998)، رسالە ماجستیر- غیر منشوره جامعه صلاح الدین-اربیل، کلیه الاداره والاقتصاد.
حسن، نوزاد محمد(1992). واقع وأفاق التنمیة الصناعیة فی منطقة کردستان للحکم الذاتی، رسالە ماجستیر، اربیل: جامعه صلاح الدین-اربیل، کلیة الادارة اقتصاد، قسم الاقتصاد.
ئەبوبەکر، سەلاحەدین عوسمان و ئەوانیتر(2004). ڕێبەری ژوری بازرگانی.
حسۆ، مراد خۆشەڤی(2008). گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عیراق و پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق 1990-2005، چاپی یەکەم، هەولێر.
ڕەشید، سەلاح (2022). شەڕی ناوخۆی کورد، چاپی دوەم، سلیمانی: ئەدیبان.
سەعید، کامەران تاهیر(2014). جوگرافیای عێراق مرۆیی و چالاکی ئابوری، هەولێر:نارین.
عەبدوڵلا، هێرش و ئەحمەد، ئاری (2023). کوردستان لە بەڵگەنامەی کەمینە سیاسیەکاندا لە ساڵی 1998، بەبێ شوێنی چاپ.
غەفور، عەبدوللا(2012). جوگرافیای باشوری کوردستان،
قادر، هیوا(2002). سەفەرنامە، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی.
میهۆ، لوکەمان(2009). کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا، بەشی یەکەم، کوردستانی عێراق، و، وریا ڕحمانی، هەولێر:ڕۆژهەڵات.
الجنابی، هاشم خضر(1987). مدینة اربیل دراسة فی جغرافیة الحضر، موصل، دار الکتب للطباعة والنشر.

سماقەیی، ایوب انور حمد(2006). البیئه والتنمیه المستدامه، اربیل: مکتب التفسیر.
ئارام، سەباح( 1993/11/4)باج دیاردەی هەڵئاوسانی نرخەکان، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(1787)،
انور، سمکۆ( 1993/12/28)شێخەللا لە نێوان ڕاستی و شێواندن دا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(573)
بەختیار، ڕەسوڵ( 2002/8/10)، کڕین و فرۆشتنی پەڵکەنان و پارچە سەمون لە بازاڕدا، گۆڤاری هەرێم، هەولێر، ژ(284)
بەرزنجی، لوقمان (1995/5/10)گوزەرانی خەڵك و چیرۆکە جەگ برەکان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(982).
بەهادین( 1997/8/5)، مەیدانی کرێکاران حەسرەتی نان حەسرەتی ژیان، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2387).
بەرهەم(1997/8/4 )، هەمو شتێك ڕو لە هەرزانییە.. کەچی گۆشت هەرگرانە!، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ (2386)

خدر، ئاراس ئیسماعیل (2009). بازاڕی قەیسەری شاری هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی گرین گۆری، لوبنان، 2009.
خۆشناو، تەنیا ( ئابی 2006)، پێگەی هەولێر لە بواری بازرگانیدا لە نیوان دوێنی و ئەمرۆ،ڕۆژنامەی بازرگانی، ژ(1)ساڵی یەکەم.
حەداد، هاشم یاسین (زستانی 2001 )، هێڵکاری پێشنارپارکراوی هاتوچۆ لە شەقامەکانی مەلبەندی شاری هەولێر، هەولێر (گۆڤار)، ژ(9).
حەسەن، مەولود ئیبراهیم (2009). گەڕەکەکانی شاری هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب6، ل2680.
داناز( 1992/6/2)، گرانی... گرانی...، ڕۆژنامەی کوردستانی نوی، ژ(107).
دلبەند، نازم (1993/1/25 )بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوی، ژ(299)
دلبەند، نازم( 1993/10/29)، لە سایەی گومرگی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(522).
دیبەگەیی، ئازاد(1992/8/3 )،دیاردەی بازارە کاتیەکانی کوردستان هۆ.. و چارە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(155).
سمکۆ انور( 1993/12/28)، شێخەللا لە نێوان ڕاستی و شێواندن دا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(573)،.
سمکۆ ( 1996/1/11)، کۆنە ئاسنەکان.. بۆکوێ ئۆغردەکەن..؟!!، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(1187).
سەلمان، محەمەد(2002 )، بازرگانی دەرەکی هەرێم لە 1993 تا 2000، ئابوری سیاسی (گۆڤار)، هەولێر، ژ(1)، ساڵی یەکەم،.-شەریف، تاریق ئیبراهیم( 2001/4/1). لە دوای ڕاپەڕین بواری ئدارایی و ئابوری لە گەشەسەندن دایە، هەرێم (گۆڤار)، ژ(268)،
شێرزاد( 1994/8/18)، داشکانێکی زۆر لە نرخی بازاڕ، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(2021)، 1994/8/18.
عەبد، جوان (2003/2/20 ). بۆچی بازاڕی ناوەندی هەولێر ناخرێتەوە کار؟، گۆڤاری هەرێم، ژ (295)، هەولێر
گلی، طلال( 1993/10/21). مامۆستا و گرفتی هاتوچۆی دەرەوەی شار!، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(1784).
کریم، محمد ( 1996/2/14) ستراتیژی ئیستیعابی بڕیاری 986، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ( 1216)
مجید، دلشاد ( 1994/9/5) گرانی داودەرمان لە نێوان دەرمانخانەکان و دەزگای هێنان و دابەشکردنی داودەرماندا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(776).
مەجید، دلشاد( 1996/7/14). 5ڕۆژە مەفرەزەی چەك کردن لە بۆسەدایە و چەکداری نیچیریش سەردەرناهێنێ!، ڕۆژنامەی کوردستانی نوی، ژ(1334).
نوری، شەمال ( 27/نیسان/1998 )بەسەرکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەوبانی شاری هەولێر، ( ئێوارە گولان)، ژ(117).
هەڤاڵ( 1992/11/25)، بەرێز وەزیری ئابوری و دارایی هەرێمی کوردستان لە گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا لە سلیمانی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(251)،
حفید، صلاح الدین ( 2/تموز/1994)، الحصار الاقتصادی واثاره علی المجتمع الکردستانی، جریده الاتحاد، عدد(86).
ئەحمەد، ڕەشوان کەریم ، 2022/12/27، هەولێر، نێوبراو لە ساڵی 1979 لە گوندی جدیدەی لەکان لە پارێزگای هەولێر لەدایکبوە، لە ساڵانی 1993-1996 یەکێك بوە قاچاغچیەکانی نیوان شاری کرکوك و شاری هەولێر، ئیستا خەریکی کشتوکاڵکردنە و دانیشتوی ناحیەی دارەتوە لە پارێزگای هەولێر.
ئەحمد، دلشاد ابراهیم ( 2022/2/23) هەولێر، نێوبراو لە ساڵی 1965 لە گوندی دوشیوان ی بیستانە لە پارێزگای هەولێر لەدایکبوە، لە ساڵانی نەوەدەکانەوە کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر بوە و ئێستاش لە کارەکەی بەردەوامە و دانیشتوی شاری هەولێر.

ئەحمەد، ئومێد حسن (2023/8/23)، هەولێر، نێوبراو لە ساڵی 1969 لە قەلادزێ لەدایکبوە، دەرچوی بەشی فیزیایە لە زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی 1994، یەکێکە لە بازرگانەکانی شاری هەولێر لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، و خاوەنی کۆمپانیای ڕامانە بۆ ئامێرە کارەباییەکان، کاڵای لە وڵاتی سین هاوردەدەکرد، ئێستاش لە هەمان پیشە بەردەوامە.

حوێز، حوێز سلیم، 2022/6/27، هەولێر، نێوبراو لەدایکبوی 1968 گوندی کاریتانە لە پارێزگای هەولێر، یەکێك بوە لە حەمباڵەکانی گومرگەکە لە ساڵانی 1991-2003، لەگەڵ بارهەڵگرەکانی گومرگ چۆتە سنوری حاجی ئۆمەران، ئێستا شۆفیری تەکسیە و دانیشتوی شاری هەولێرە.

خضر، سیامەند بهرام، ( 2023/1/2/26) هەولێر، نێوبراو لە دیك بوی ساڵی 1969 هەولێرە، ناوبراو یەکێك بوە لە قاچاغچیەکانی هێنانی سوتەمەنی لە ناوچەکانی چرە و بەردەرەش لە ساڵانی لیکۆلینەوەکە، دەرچوی بەشی جوگرافیایە و ئیستا مامۆستایە و دانیشتوی شاری هەولێرە.

چەلەبی، نامیق عبدالرحمان، هەولێر، 2023/3/5، ناوبراو لە ساڵی 1947 لە شاری هەولێر لەدایکبوە، دوکانی کوتاڵی هەبوە لە نێوبازاڕی قەیسەری شاری هەولێر لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا قوماشی لە وڵاتانی تورکیا و ئیمارات و سوریا دەهێنا بۆ شاری هەولێر، ئێستاش خەریکی فرۆشتنی قوماشە لە نیو هەمان دوکاندا، و دانیشتوی شاری هەولێرە.

حوێز، حاجی محمد ئۆمەر، 2022/12/24، هەولێر. نێوبراو لەدائێك بوی ساڵی 1953 هەولێر، لە ساڵی 1975 تاکو 1985 بەرگدرو بوە لە بازاڕی قەیسەری شاری هەولێرو پاشان دەستی کردوە بە کاری بازرگانی و تا ئێستا بەردەوامە.

حاجی ساڵح، کەمال عوبید، لەدایکبوی 1966 و دەرچوی پەیمانگای تەکنەلۆجی شاری موسلە لە ساڵی 1988 و لە ساڵی 2013 کۆلێژی یاسای تەواو کردوە و لە لە ساڵی 2004دامەزراوە وەك فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر و بەردەوامە لە ڕاژە، ناوبراو لە دوی ڕاپەرینەوە بازرگان بوە تاساڵی 1998، لە بازاڕی شێخەڵلا ی شاری هەولێر و کاڵا و شتومەکی تورکی لە زاخۆ و کاڵای ئێرانی لە حاجی ئۆمەرانەوە دەهێنا بۆ پارێزگای هەولێر، هەولێر لە 2023/1/28.

حەمەد، تحسین حمدەمین، هەولێر، 2023/4/13، ناوبراو لە ساڵی 1958لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لەدایکبوە، لە مەیدانی ئاژەلان بە کڕین و فرۆشتی ئاژەلەوە خەریکە، پێشمەرگەی کۆن بوە و لە ساڵی 2013 هوە خانەنیشینەو دانیشتوی گەڕەکی تەیراوەیە.

رضا، حاجی ئەسعد محمود، ناوبراو لەدایکبوی 1954 گوندی کلێسەی سەر بکۆیە یە و لە ساڵی 1988 هوە دوکاندارە لە بازاڕی کۆیە.، لە 2023/4/30، کۆیە.

سعید، دلشاد مصطفی،2022/2/24، هەولێر، نێو براو لە دایکبوی هەولێرە لە ساڵی 1978، یەکێك بوە لە کاسبکارانی بازاڕی شێخەڵلا لە ساڵانی 1991-2003، خەریکی فرۆشتنی ڕۆن و دەرمانچا بوە، ئێستاش بەردەوامە لە پیشەکەی و دانیشتوی شاری هەولێرە.

طە، شوان محمدەمین (2023/8/6) هەولێر. نێوبراو لە ساڵی 1971 لە شاری هەولێر لەدایکبوە، لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا فەرماندەی بەتالیون بوە لە ناوچەکانی پارێزگای هەولێر، بروانامەی دکتۆرای لە مێژو هەیە، ئیستا بەڕێوەبەری خوێندنی باڵایە لە کۆلێژی ئاداب.

عثمان، ئەمیر حاجی ڕەزا(2023/4/30 )کۆیە، ناوبراو لەدایکبوی ساڵی 1963، کۆیە یە، لە ساڵی 1985 پەیمانگای تەکنەلۆجی کرکوك ی تەواوکردوەو لە ساڵی 2004هوە دامەزراوەو فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کۆیە، لە ساڵی 1970 بازرگانەو کۆتاڵفرۆشە لە بازاڕی کۆیە.


نجار، ئیدریس عوسمان صالح (2023/3/5) هەولێر، نێوبراو لەدایکبوی شاری هەولێرە لە ساڵی 1972، لە ساڵانی 1991-2003 بە شێوەی قاچاغ سیمی هێلەنگی لە ئێران و ناوچەکانی حکومەتی ناوەندی دەهێنا، ئێستا خەریکی کاری دارتاشی یە لە ناو قەیسەری شاری و دانیشتوی شاری هەولێرە.

نورەدین، سەنعان ئەرخان( 2023/3/6، هەولێر، ناوبراو لەدایکبوی هەولێرە ساڵی 1970، هەلگری دبلۆمی باڵایە لە ژمێریاری، یەکێك بوە لە پیشەوەرەکانی بازاڕی قیسەری و لە ئیستاشدا دوکاندارە لە بازاڕەکە.

قەساب، محەمەد کاخدر، 2022/5/21، هەولێر، لە دایکبوی 1964 هەولێر، ناوبراو یەکێك بوە لە بازرگانەکانی بازاڕی کوران، خەریکی کاری قەسابی بوە لە بازاڕەکە، لە ساڵانی هەشتا و نەوەکان، لە ئێستاشدا شوێنی فرۆشتنی کەلوپەلی کارەبایی هەیە لە کوران لە شاری هەولێر.

# پاشکۆکان

پاشکۆی ژماره 1



وەزارەتي ناوەخۆی هەرێمی
کوردستان
بەرێوەبەرایەتي ئاسایش
پارێزگای هەولێر
هۆبەی ( )

ژمارە: ٢٩٥٨
بەروار: ٢٧/٦/٩٩٣

بۆ / پارێزگای هەولێر / ئیشـووکاری ناوخۆ

ب / زانیــــاری

٠١ نوسراوتان ٣٣٥٢ لە ١٧/٦/٩٩٣ ئاگادارتان دەکەینەوە کەوا بەنسبەت برگەی یەك لەنوسراوی قائمقامیەتي هەولێر کە بەرز بوونەوەی نرخي دەغڵ و دان لەدەسەلاتي ئێمەدا نیە ٠

٠٢ بەنسبەت سەیارەی ناوبراو کە بەجووت یارەکاني گووتیە دەغڵ ودان نەفرۆشن تکایەژمارەو ناونیشاني شوفێرەکەمان بۆ رەوانە بکەن تاکو بتوانین دەستگیری بکەین و ئیجرائاتي لێ وەر بگرین ٠


٠٣ کەوا نرخي شەکرو چاە بەرز بوویتەوە ٠ ئاگادارتان دەکەین کەوا ئەمەش پەیوەندی بەبەرز بوونەوەی دۆلار هەیە وەلەگشت ناوچەکاني هەرێم ئەم ئەم شتومەکانە نرخي بەرز بوویتەوە لەبەر ئەوەی دۆلار نرخي لەبەرز بوونەوە دایە ٠ تکایە ئاگاداریتان ٠ لەگەڵ ریزمان ٠

بەرێوەبەری ئاسایشي
پارێزگای هەولێر
٢٦/٦/٩٩٣

وێنەیەکي بۆ/ـ
خولاوو ٠

س/ك/ ٢٦ ٠٠٠٠

پاشکۆی ژماره 2



Iraqi Kurdstan Region
Ministry of Industry &Energy
G.D. of Technical & production

هـەرێمی کـوردستانی عێراق
وەزارەتـی پیشـەسـازی و وزە
ب . گشتی تەکنیك وبەرهـەم

ژمارە : ٢٧٨٩

ڕێکەوت : ٢٠٠٢/١٠/٢٠

بۆ / بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی

بابەت / ئاسانکاری

بەڕێز ( طیب عمر قادر ) خەڵکی سەردەشتی کوردستانی ئێرانە و بازرگانی مافوورە و سەردانی ئێمەی کردووە بە مەبەستی دۆزینەوەی بازار بۆ بەرهەمەکانی بنکەکانی مافووری هەرێم .

تکایە هاوکاری و ئاسانکاری بۆ بکەن لە ماوەی مانەوەی لە هەولێر .

لەگەڵ ڕێزماندا ...............

ئەندازیار
ازاد عزیز توتنچی
بەڕێوەبەری گشتی تەکنیك و بەرهەم
٢٠٠٢/١٠/ ٢ـ

وێنەیەك بۆ :
- ب . هونەری بنکەکانی مافوور / لەگەل بەرایی.
- خولاو